# ژیلەمۆ JILEMO

## گۆڤارێكی پاژێی هونەرییە

**ژمارە(11)　　ساڵی سێیەم　　بەهاری ٣٠٠٠**


سەروتار ل٢

شانۆ　ترۆتسكی لەدوورخراوگە ل٣
سیناریۆی دوا شەوی ڤانكوخ ل٣١

چیرۆك　دوولای شار ل٣٣

تەنز　مالی جندۆكان ل٣٦

گفتوگۆ　لەگەل هاوار پیرۆزی ل٣٩

هۆنراوە و پەخشان ل٤٢
الى فناني عام ٢٠٠٠
فیرت كردم
ئاسۆی روناك
بەستەیەك بۆ گولیكی كەم تەمەن
بلنگۆی رۆحی ئیمەو، سێ دەنگ
خەمی ئیوەو دلی من
ئەشكی ئیوەو پیكی خوا

وتار　بیرتۆلد بریخت ل٥٥

گالتەوگەپ ل٦٤

سەرگەرمی　خشتەك ل٦٩


تایب و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد


JILEMO:　ناونیشانی پۆستی
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەكترۆنی:
jilemo@hotmail.com
لەسەر ئینتیرنیت :
http://www.jilemo.cjb.net

# گێڕانەوە یان نواندن

ئاشکرایە کە هونەری چیرۆك نووسین گەشەو درێژەی ئەفسانەو داستان و بەسەرهاتەکانەو تا ئێستاکەش مۆرکی ئەم پێشینەیەی پێوە دیارەو، کە بەرهەمی ناوەڕۆکی ئایدیالیستانەی پیرۆزکردنی شەڕەکان و گەورەکردنەوەی ڕۆڵی تاکەکەس و کەمڕەنگ کردنەوەی باری دەروونی کەسایەتیەکانیانە بە شیواندن و ئاوەژوورکردنەوەی راستیەکان بە لەقالبدانی کەسایەتیەکە. هۆی ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەو میراتەی کەچیرۆکی نوێ بەهۆی شیوەی گیرانەوەوە لە ئەفسانە وەریگرتووەو، تارادەی نامۆ بوونی کەسایەتیەکان بەخوینەرو نەبوونی هەستی هاودەردی و هاوسەردەمی و خۆ نەدیتنەوەی خوینەر لە کەسایەتی ناو چیرۆکەکەدا. هەر لەبەر ئەمەشە رۆلی ئامۆژگاریگەرو رینوینیگەر بەخۆیەوە دەگرێ و بوار بۆ سەرهەلدانی پرسیارو رەخنەی بزوینەرو هەلخراندنی خوینەر لەگویرایەلیەوە بۆ بزووتن و کاردانەوە بەرامبەر واقیعیەت و راستی‌یە پەنهانەکانی نیو بەسەرهاتەکە.

هەرلەبەر ئەم هۆیە بۆ هەنەرو ئەدەبیاتی کۆمۆنستی ئەم شیوازە کوشندەیەو گیانی هاندەرانەو رەخنەگرانەی دەمرینێ. بۆ ئەوەی هونەری چیرۆك نووسین رزگار بکرێ لەم شیوازە کۆن و سەردەم بەسەرچووەو بکریتە پردیك بۆ پەرینەوە لەناخی کەسایەتیەکانەوە بۆ ناخی خوینەر، پیویستە شیوازی نوێ و کارا بەرهەم بیت. ئەمەش بەومانایە نی‌یە کە دەبیت ئیمە لەسەر شەری ئەستیرەکان بنوسین تاوەکو نوێ خوازی بکەین، بەلکو دەکرێ بابەتی چیرۆکەکە باس لەرا پەرینی کۆیلەکان بکاو بە ئەمرۆوە گرێ بدریتەوە تاوەکو خوینەر خۆی لەکەسایەتیەکاندا بەدی بکاو لەبەراووردی نیوان ئیستاو رابوردوودا پەیوەندیەکی زنجیرەیی و هۆکاریکی هاندەر بەدی بکا. ئەمەش تەنیا بەگرتنەبەری شیوازی نواندن واتە نووسەر نەبیتە گیرەرەوەی واقیعی رووت یان داتاشی پالەوانی ئەفسانەیی و شۆرشگیری بێ غەل‌وغەش، بەلکو پیویستە بەنیشاندانی دوو کەسایەتی ناکۆك بەیەك لەکەسایەتی چیرۆکەکەدا بەواتایەکی‌تر رۆلی ئەو دیمەنە بێ دیالۆگەی ناو فیلمیك ببینیت کەکەسایەتی شاراوە دەخاتەروو. بەکورتی واتە خستنەرووی کەسایەتی و حەزو ئاواتەکان وەك ئەوەی کەلەسروشتی مرۆڤدا هەن، نەك رازاندنەوەو لەبیژنگدانی کەسایەتیەکە کە نووسەر بەهۆی شیوازی گیرانەوە لەناوی دەبات. لەیەك ووشەدا چیرۆك دەبیت شلەقینەری گۆمە مەنگەکان بیت، تاوەکو نەبنە شوین گەشەو پەروەردەبوونی ڤایروسە دەستکردەکانی چینی سەرەوەر.

## ترۆتسکی لە دوورخراوگە پیتەر ڤایز ( بەشی سێیەم )

### ٧ زوریخ

لینین لە بەشی دواوەی شانۆدا لەسەر کورسی‌یەك دانیشتووە، ترۆتسکی لەسەر چرپا گچکەکە ڕاکشاوە.

**ترۆتسکی** :

بگوێزەرەوە لێرۆکانە. بگوێزەرەوە. نزیکەی دەساڵ لە دوورخراوگە. دابراوین لەرووداوەکانی روسیە. بەرهەلستکاریك کە دەسال لەدەرەوە بەسەر ببات چ سوودیکی هەیە. مە پیکەوە فەرمان دەدەین. کۆرو کۆمەلەکان خویناویانە بەگژی یەکدی‌دا دەچن. سالیکی تەواو لە شەر. ئای لەو بێ ئابرویی‌یە. کوشت‌وبرەکانم بەچاوانی خۆم دیتوون، سەنگەری پر لە جەستەی هەنجن هەنجن کراو و ئیسکی دەرپەریوم بینیوە. ئاویلکەو گیانەلآم بیستووە. من دەزانم تیروانین بۆ میژوو لە هەلویستی مرۆیی‌و رەوشتی‌یەوە سوودیکی نی‌یە، بەلآم ئەوە دەخاتە پیش چاومان کە ئیمە هیشتاکە لەسەردەمیکی بەربەری‌و قەرەقوش‌دا دەخولینەوە. زانست. ئەی لەو هیوایانەی دلبەستەیان دەبین. ئیستاکە هەموو شتیك، هەموو شتیك بەرەو رمان‌و خراپ بوون دەچیت. ئایا ئەمە قۆناخی پیش شۆرشە ؟ کەللە پوتەکان. قەشە زمان لووسەکان. چەتەو ریگرەکان. نوینەرانی دەستخەرۆکەر. رۆژنامەگەرە فریودەرو چاوبەستەکان. ئا لیرۆکانە لەزوریخ. لەم ژوورە هەژارانەداو لەنیوان ئەم بوخچە پیچراوانەدا چمان پیدەکریت بۆ ئەوەی رەورەوەی میژوو وەگەربخەین ؟

**لینین** :

(دەبۆلینێ) لیرە بوونمان کات بە فیرۆدان نی‌یە. هەستان بەکاری شۆرشگیرانە پیویستی بە تیئۆری شۆرشگیرانە هەیە. دەسال ؟ ماوەی دەسال چی‌یە؟ هەموو رۆژیك، هەموو ساتیك من لە پەیوەندیدا بووم لەگەل ئەوەی کە رووی دەدا. بەنهینی کارمان دەکرد، هەروەك گەلەکەمان لەروسیە لە ناو شانە نهینی‌یەکاندا کاردەکات.

مرۆڤی نوێ لەویندەرێ لەدایك دەبیت. خۆراگر، چالاك، لیوەشاوە، بەهۆشو زیرەك. لەئامانجەكەی لانادات. ئەم شتانە سەنگی خۆیان هەیە. كەسانیتر دوور لە لەسەردەمەكەی خۆیان دەژین. وەك پارتی ئەلمانی كە دژەخونی لە نیونەتەوەیی دووەم كردو كیشەكەی لەگەل سیزاردا یەكی كرد. سیاسی‌یە قالبووەكانمان دواجار گەیشتنە سەرسفرەی دەمارگیری نەتەوەیی لە تەنیشت سیزار.

ئیستاكە تیگەیشتی بۆچ كۆنە پاریزان دەركران ؟

**ترۆتسكی** :

هەولی لیك گەیشتنم دا، ویستیشم هەمووان پیكەوە كۆكەمەوە.

**لینین** :

بەلێ، تۆ خۆت لە پیشرەوی‌دا دادەنییت وەكو مرۆڤیك لەسەرووی پارتەوە. نە بۆلشەڤیكو نەمەنشەڤیك تەنیا سۆشیالیزمی شۆرشگیرانە.

**ترۆتسكی** :

دەمەویست هەمووان پیكەوە كۆكەمەوە.

**لینین** :

ئای لەو باوەرە. گەر تۆ سنووریك بۆ ململانیی نیوخۆی سۆشیالیستەكان دابنییت كەواتە نكۆلی لە بوونی جیاوازی لە بۆچووندا دەكەیت، لەدووی هوكارە ریشەیی‌یەكان ناگەرییت. وە ئەم گشتە خزمەتیكی گەورەیە بە دوژمنەكانمان.

**ترۆتسكی** :

ویستومە سنووریك بۆ جیاوازی‌یەكان، بۆ ئاژاوەو، گومان لەنیوان كارگەراندا دانیم. ویستومە باوەرو جلەوی دەست بەكاربوون بگیرمەوە.

**لینین** :

راگرتنی ململانیی نیوان ناكۆكی‌یەكان چ سوودیكی هەیە. تۆ بەو هەولدانەت بۆ بەرپاكردنی هاوەلیتی لەنیوان گشت لایەكماندا زۆر بەئاسانی دژەخونی لە كارگەران

دەکەیت. کێ لەگەل کێ ئاشبیتەوە ؟ پارتو ئەوانەی پارت لەناو دەبەن ؟ هیچ بواریك بۆ چارەسەری نیوەنجی‌یانە نی‌یە.

**ترۆتسکی** :

بەلێ، من دلنیابووم کە کۆنەپاریزان زۆر سوورنین لەسەر قۆناخی پرۆلیتیری شۆرش. ئەوان کە نایانەوی پشت بە کارگەران ببەستن، ناشیانەویت سەرکەون، لەبەر ئەوەی کە ترسیان لییان هەیە. کۆنە پاریزان نایانەویت لەبالی چەپی دیموکراسی بۆرژوازی واوەتر برۆن.

**لینین** :

تەنیا هیزی نیونەتەوەیی کارا ئەوکۆمەلە کارگەری‌یانەن کە پشتیوانیمان دەکەن. پیشرەویکی شۆرشگیرانەیە. تاوەکو ئیستاکە سوپا پەی بەرادەی هیزی نەبردووە. زۆری لە سەربازان دانیان پیا نەناوە تەنانەت لەکاتی یەکلایی کردنەوەشدا. پیویستە پروپاگەندەو هەلخراندان بگویزینەوە بۆ بەرەکانی جەنگ، بۆ ناو سەنگەرەکان، هەروەها بۆ وولاتانی رۆژئاواش. پیویستە ئەم شەرە ئیمپریالیستی‌یە بگۆرین بە شۆرشی سۆشیالیستی، پیویستە چەکەکان رووبکەینە دەولەتە ئیمپریالیستەکان نەك ژیر چەپۆکان لە ولاتانی‌تر.

**ترۆتسکی** :

ئەمە شتیکە کە لانیکەم پیی رازیم، پیویستە لەسەرمان بەدوای خەباتەوە بین تەنانەت ئەگەر روسیەش تووشی تیکشکانی سەربازی بکات.پیویستە لەمە بەدواوە چیدی چاوەرێ نەبین تاوەکو لە وولاتیکی‌تر شۆرش روویدات. ئەم هەنگاوەی یەکەممان ئۆرووپا بەدوای خۆیدا رادەکیشیت.

( رادیك، راکۆقسکی، ئینیسیا ئیرماند دینە ژوورەوە)

**ئینیسیا** :

ئیلیچ، بارفوس لیرەیە دەیهەویت چاوی پیت بکەویت.

**رادیك** :

لەنیو پەنابەراندا خۆی بە هەمەکارە دادەنیت، هاتووە خۆی بکاتە هاوەلمان. ئەوەی کە لە بەشی تایبەتی بۆر ئۆلاك دا لەسەر شەمپانیاو جگەرەی هاوانایی دەژی. بەشی حەرەمسەراکەی پرە لە ژنی چاوکال و سورو سپی.

**لینین** :

ئەو هەلپەرستە. ئەو سۆشیال رەگەز پەرستە ئەلمانییە. نامهەویت سەرو گویلاکی ببینم. رادیك هەوالی پترۆگراد چییە ؟

**رادیك** :

نەنانی لێیەو نە رەژوو. بەلام زیرنگەرو دەلالەکانی کۆشك، سوودیکی خەیالی دەست دەکەویت. فریۆبوفا شانازی بەوەوە دەکات کە ئاوا پۆشاك وخشلی لەیەك وەرزدا نەکریوە وەك ئەوەی لەم زستانەدا کرییەتی. کلوپەکانی شەوان جمەیان دیت لە لەسەرکردە سەربازییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی نوینەران و، بەریوەبەرانی شانۆکان، ژنە سەماکەرە بالییکان، ژەنەرالەکان و کەسانیتر لە جادووگەرە بەناوبانگەکان.

تەراتینیکە بۆخۆی. خەرواره زیر بەسەر تاعون و بەلادا دەرژیت. ئۆرۆستۆکراتەکان پیکی سەرکەوتنی "وەرزیرە روسییەکان" دەخۆنەوە ئەوانەی کە تاویان داون تا لە گالیسیا بجەنگن. (بارفوس دیتە ژوورەوە پالتۆیەکی ئاوەلای تووکنی لەبەردایەو، کلاوەکەی بەدەستییەوە )

**بارفوس** :

هاورێ لینین. من دەتوانم لەخرکردنەوەی سەد هەزار کارگەری رووسی و بانگەوازکردن بۆمانگرتنی گشتیدا یارمەتیت بدەم.

**لینین** :

ئیمە هاوکاری بەکریگیراوانی دەولەتی ئەلەمانی ناکەین.

**بارفوس** :

تۆ دەزانیت کە من لایەنگری شۆڕشی رووسی دەکەم.

**لینین** :

وایە هەروەك پشتیوانی ناوبەناوی ئیمپریالیستەکان بۆ شۆڕشگیرانو بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانییەکان. تەنانەت شۆڕشیش دەتوانریت دروست بکریت بۆ سوود لیوەرگرتن.

**بارفوس** :

ڤلادیمیر ئیلیچ بەڵام پیویستە کە شیوەی کارکردنو نەخشەکەم لەبەرچاو بگریت. من بارودۆخی ئەلمانیای ئیمپریالیستی دەقۆزمەوە. سەرمایەداری گۆری خۆی بە ددانی هەلدەکەنیت.

**لینین** :

بارفوس من نەخشەکەت دەزانم. تۆ هەولدەدەی وەك چاکە خوازو دلسۆزی شۆڕشی روسی شوینیکی لەبار بۆخۆت پەیدا بکەیت. وونبە لەبەرچاوم. بلێ بە شالیارگەی دەرەوەتان کە ئیمە خۆفرۆش نین.

**بارفوس** :

گەر پیت وایە پرۆلیتاریای ئەلمانی بیر لە شۆڕش دەکاتەوە، ئەوا خۆت دەخەلەتینیت. من پیت دەلیم کە تاوەکو شەر بەردەوام بیت لە ئەلمانیا شۆڕش روونادات. تەنیا شوینیك کە بۆی هەیە شۆڕشی تیدا رووبدات ئەوا روسیەیە. لە توانامدا هەیە دەست بەجێ ملیۆنیك رۆبل بخەمە بەردەستت.

**لینین** :

برۆرە دەرەوە. جاریکیتر لیم نزیك نەبیتەوە.

**بارفوس** :

من رکم لەو سیاسییە بیزراوانە دەبیتەوە کە لەپیناو باوەرەکەیاندا خۆ برسی

دەکەن. ئەمە کەی ژیانە کە تۆ هەتە. لە ژووریکی پیسی سەر کارگەیەکدا دەژیت. لینین ئایا ژیان لەسەر کارگەیەکی گۆشتی نەعامە خۆشەکردن لەگەل شانوشکۆی تۆدا دیتەوە. من دەزانم کە بۆنی گۆشتی گەنیو هۆشت لەبەر دەبات. لە سەرگەردانیدا بەردەوامبە. بەردەوام بە.

( بارفوس دەچیتە دەرەوە. ترۆتسکی کەلەسەر چرپاکە راکشابوو هەلدەستیتەوەو دادەنیشیت. لینین بەرەو پیشەوە هەنگاو دەنیت).

**لینین** :

پۆخلە. دژەخون. نموونەیەکی سەرنجراکیشە لە نیونەتەوەیی دووەم.

( رادیك پیدەکەنیت )

**رادیك** :

چاپلۆسینەرە. خۆپەسەندە. بەلام بیست ملیۆنی سویسری لەگیرفانیدایە. رۆژیك لە رۆژان پیویستمان پیی دەبیت.

**راکۆفسکی** :

پیویستە گومانی خراپی لی نەکەین. ژمارەیەك لەهاوریکانمانی لەئەلمانیاوە دەربازکرد. ئەو پیاوایە کە گشت گرفتیك بە پارە چارەسەر دەکریت. لەوانەشە راست بکات. وی تەنیا کەسیکە کە دەتوانیت هاریکاریمان بکات لەکاتی خۆیدا لە گەرانەوەدا بۆ نیشتمان.

**لینین** :

بیگومان راکۆفسکی، مە پیویستمان بە خەلکانی زیرەك هەیە، بەلام بە مەرجیك کە دەستیان خاوین بیت.

( رادیك بە پیکەنینەوە دەستی هەلدەگیریتەوە)

**رادیك** :

ئایا دەستی مە خاوینە ؟ مەگەر سەیارەی پۆستو شەمەندەفەر نادزین ؟ مەگەر

هیرش ناکەینەسەر بانکەکان؟ مەگەر دەست بەسەر پارەی بازرگانو خاوەنکارگەکاندا ناگرین؟ پارە بربرەی شۆرشە. مەگەر لەگەل دزو چەتەدا شانبە شانی یەك ناجەنگین ؟ مەگەر لەسیاچالەکاندا پیکەوە لەگەلیان زیندانی ناکریین ؟ ئایا رۆژیك لە رۆژان لەخۆمان پرسیوە کین ئەوانەی لەگەلمان نیشانە دەگرنو نارنجۆك دەهاوین ؟ ئایا شەقاوەو سەرکەشو دزەکان بەدەم ووتنەوەی سروودی ئالای سوورەوە بەرەو سیدارە نەچوون ؟ ئایا ئەو کەسانەی کە کۆمەلگە پشتگویی خستوون سەربە ئیمە نین ؟ ئایا ئەوانەی کە لە ژیر زەمینەکاندان سەربە ئیمە نین ؟ ڤلادیمیر ئیلیچ بە رۆزا لۆکسۆمبۆگ پینەکەنیت کاتیك کە دژی ئەو درندەیی‌یە وەستایەوە کە ئیمە بە پیویستمان دەزانی؟ بارفوس وەبیردیتەوە کاتیك بە دەسەلات دەگەین و، ریکەوتننامەو هاوپەیمانی لەگەل یاخی‌یە گەورەکان لە ئەلمانیاو فەرەنسەو بریتانیاو ئەمریکا دەبەستین.

( کومەلیك لەو نوسەرو هونەرمەندانەی کە لە گازینۆکەی سەر گۆشەی شپیگلگلاس یەکدەگرنەوە دینە ژوورەوە، دامەزرینەرانی گازینۆی ڤولتیرو بزوتنەوەی دادایین : ئیمی هینینگز، هیگۆ بال، تریستان تزارا، مارسیل جانکۆ، ریچارد هیۆلسنبیگ و هاوریی هەمیشەیی‌یان ئانا بلوم) .

**هینینگز** :

ئیستاکە گشت شۆرشگیرەکان لە هۆلە گچکەکەماندا کۆبوونەتەوە. رادیك، لینین و تروتسکی. مسیۆ لینین بیستم هیشتاکە لە بەرامبەر خانووەکەی مەدا نیشتەجیی. لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو ژوورەی کەتیدا نیشتەجیم ووتی ئیتر پیویستە سەربازەکان تفەنگەکانیان ئاراستەی دەولەتەکانیان بکەن. هەوالەکە بەگشت لایەکدا بلاوبووەتەوە .

**بال** :

بەریز ترۆتسکی هیشتاکە باوەرت بە رۆشنبیری ئۆروپایی هەیە. هیشتاکە

سەودای جویباری جوان‌و گومەزی کەنیسە بەرزە سەرنجراکیشکانی ؟ من ئەوەی کە لەسەر هونەرو هۆنراوە نوسیومە هەموویم بۆت خویندۆتەوە. ئایا لەگەلمدا هاورا نیت کە هەموو جوانی‌یەکان دەروخین و لەناودەچن ؟

**تزارا** :

خۆم ئەناسینم من تریستال تزارام، جانکۆ، ئیمی هینینگز، هیگۆبال، ریچارد هیولسنبیگ‌و ئانا بلوم گەرۆکی سەرشەقامەکانەو لەو سەرسوچەدا نیشتەجێیە ماکس ئیرنست . پیتانیان دەناسینم. (دوکامب)یش لەم کاتەدا لە نیۆیۆرکە. ئەم ناوانەتان چاك لەبیر بیت. نیونەتەوەیی. هەروها میژووش یادمان دەکاتەوە هەروەك چۆن یادی ئیوە دەکات . ئیوە دەلین پیویستە سونەتەکانی بورژوازی لەناوبەرین، هیچی نەهیلینەوە، پیویستە لەناوچن‌و سەرلەنوێ دەستپیکەینەوە. هەروەها ئەوە بەرنامەی ئیمەشە. هەموو ئەو سونەتانەی کە بورژوازی دایریژاون رادەمالین. با برۆخێ پەیکەری ڤینۆس دو میلو. بابروخێ سیستێن شابیل ی نۆبوخچە. با برمین گشت پەیکەرو پەرستگەو پەرتووکخانەو موزەخانەکان. با پەرتووکە دزیوەکان کە لەسەر بنەمایی پەیکەرو دانان‌و تابلۆن ناپەیدا بن. لەدرۆو پیاهەلدان بەولاوەتر نین. دەنگی راستەقینە ئەوەیە کە لەگرم‌وهوری تانك‌و شریخەی ئاربیجی‌و قیژەی فرۆکەکاندا دەیبستین. نالەو ئاویلکەی مەرگ‌و شریخەوهور زمانی ئیمەیە. موزیك ؟ ئایا بوار بۆ موزیك دەمینیتەوە ؟ کێ گوێ لە موزیك رادەگرێ خەنجەر لەکەلەکەی‌داو گوللە لەهەناوی ببرێ ؟ ( هیگۆ بال دەچیتە سەر کورسی‌یەك )

**بال** :

دەستتان بخەنە ناودەستمان ئەی هۆشمەندەکان ئەی شۆرشگیرە لیزانەکان، ئیوە قەلای سەرکوت خاپوور دەکەن‌و دەستبەسەر خوینمژان لە بانك‌و کارگەکاندا دەگرن، ئیمەش بەسەر ئەو جەنابانەدا کەلیدانی دلمان رادەگرن‌و خەون‌و خەیالمان دەکوژن زال دەبین . لەنیو بەشەکانی کارگەرانی کۆیلەو رەش‌ورووت‌و گالتەجاری کۆشك

ئەوانەی کە لەئازاری برسیەتیدا دەتلینەوە رادەپەریت، رادەپەرن و هێزێکی گەورە بەدی دینین. پیویستە پیکەوە یەکگرین: ئیمە هونەرمەندانیك کە پشتگوێ خراوین، ئیمە بەسۆزکان و ئیوەش نەخشە دانەرو بریاردەر. یەکیتییەکی کە توخمەکانی لیك نەبنەوەو، شۆرشەکەمان لە نیو نەچیت. مروڤیکی نوێ دەبیت داهینەر بیت. هونەری نوێ ژیانە. هونەر هەناسەیە. هونەر بزووتنە. ئیمە لە ئاسماندا دەبین . ئیمە دەفرین . ژیان فرینە .

( لەسەر کورسییەکە بە بالی کراوەوە باز دەدات بەدەمدا لار دەبیتەوە. لە نیوشەپۆلی پیکەنیندا یارمەتی دەدەن تا لەسەر پێ خۆی راگرێ. ترۆتسکی لەسەر چرپاکەی هەلدەستیتەوە) .

**ئانا بلوم** :

نازانم مەبەستی چییە. پیم بلێ فلادمیر ئیلیتچ پەرتوکخانەو مۆزەخانەکان دوای شۆرش دەبنە مولکی ئیمە، هەروا کۆشك و شانۆکانیش. ئەی بۆچی دەتانەوێ ویرانیان بکەن ؟ ئەوکات کە هەرگیز سودیان لی وەرناگرین.

**جانکۆ** :

پیویستمان پییان نییە. تەنیا لەپیناو ئەوانەدا دروست کراون کە سەروەرن، ئەوانەی کە تف بەسەرتا هەلدەدەن . ئەوانەی خۆت پییان فرۆشتووە. هەروەك، چۆن ئیمەش خۆمان فرۆشت.

**ئانا بلوم** :

بەلام من دەمەویت ئەم شتانە ببینم. دەمەوێ بچمە ناویان.

**لینین** :

بەلی. ئەم شتانە کۆمەلگەیان لیك دابریوە، خزمەتیکی گەورەشیان بەچینە سەروەرەکان پیشکەش کردووە. بەلام فیربووین کە چۆن سودیان لی وەربگرین. زانست و دەرکمان لی بەدەست هینان. لەگەشە پیدانی تواناییەکان و فراوانکدنی

ئاسۆماندا یارمەتیان دایــن. شۆرشــگێرە دڕۆینــەکان لــە لــەناوبردنی کولتــووری ڕۆشنبیریمان سل ناکەنەوە. تەنیا ئەوەیان لێ زیاد کـردووە کـە زیـاتر ڕشـینەرەوەیە. بەڵام ئیمە هیشتاکە ئەم کولتوورەمان پێویستە. حەزمان لێیە کە بە تـەواوەتی و بـێ کـەمی بکەویتـە دەسـتمان. ئـەو جـەماوەرەی کـە هیشـتاکە دابـڕاوە لیـی، ئـەوە بڕیـار دەدات کە چی لیفرێ بدرێ و چی لێ بمینیتەوە.

**هینینگز** :

هیچ شتیکی تیا نییە شایستەی مانەوە بیت. شتیکی تیدا نییە سودی لێ وەربگیریت. تەنانەت تۆش ئانا بلۆم سودی لێ وەرناگری. پێویستە هەمووشتێ سەر لەنوێ فیربیینەوە . بلا بلا بلا. دا دا دا. دادا. ئەوە ناوی هونەری نوێیە. هونەریك. کە لە شپیگل گلاس لە زوریق لە دایك بوو. لە گازینۆی ڤۆلتیر. لە سالی خوینـدا. لەمانگی ئەو هەناوانەی کـە لـەبار دەچـن و پـرش و بڵاودەبنـەوە. لـەرۆژی گیانـەڵاندا، لەپیناو جیهاندا. لەپیناو گەلانی جیهان. ڕۆشنبیری نوێ لەدایك بوو. دادایزم لەدایك بوو. دادا. دادادا. لەپیناو گەلانی دوارۆژدا.

ئەی مژدەدەران . ئەی خەونبینەکان با جلو بەرگەکەتان بەتەنتاندا شۆر ببنەوە. دەرون پاك بن. وەرن وەك بارانوتەم برەوینەوە . دادا. دادادا.

**ئانا بلوم** :

ئینیسا، باس لەچی دەکات ؟ هۆشی لەدەستداوە ؟

**بال** :

نەخیر ئەوە دەنگی هۆشمەندی باڵایـە. هۆشمـەندی ئـازاد لـەچنگی سـەلەفیەتو یاساکان.

**ترۆتسکی** :

وامـان دانـا، رۆژیــك کــە دەرکــی هوشــیارانەو بیرکردنــەوەی ڕەخنەگرانــە فەرمانرەوایی جیهان دەکات. بەلام هۆشیاری لەگشت سەردەمەکاندا پاشەلی بەدوای

راستیدا راکیش دەکات. تائیرە تۆ راست دەکەی.

(لەپڕ لینین شێوەی تورەیی وە دەگرێ. بەدووودڵیو گرنگی پیدانەوە بۆی دەروانن).

**لینین** :

لەبەرئەوەی زیرەکی مرۆیی زۆر لاوازو داماوە، هەر تەنیا لەبەر ئەوهۆیە هەرگیز ریگە نادەم کە مەشخەلە کزەکەی بکوژیتەوە.

(ساتێ بیدەنگی. لینین بە تورەیی و هەلچوونەوە دیتو دەچیت).

**ترۆتسکی** :

ئەم گشتە رووداوە کە لەجیهاندا روودەدەن. ئەو گشتە راتەکانو ئالوگۆرانە. هەر دەبی شێوەیەکی نوێ لەشێوەکانی هونەر بەرهەم بینن. ئالوگۆری پیکهاتەی کۆمەڵایەتی سەربەستی هونەرمەندیش لە کۆتوبەندە کۆنەکانی دەکاتە پیویستی.

**هیۆلسنبیگ** :

ئەوە دەبیتە گالتەجاری. شت گەلیك هۆشمەندی پەسندیان ناکات. شت گەلیك کە دەمامکیان لەروو لانەدراە. شت گەلیك کەپیشتر نە ووشەو نەهیمای لی راست نەکراوەتەوە کەسیك پەیدا دەبیت راستیان کاتەوە.

**ترۆتسکی** :

بەلام نەك بەشیوازی ووشکی سۆفیانە. هونەر رۆلی خۆی هەیە لەگۆرانی جیهاندا. هونەری ئازاد لەچنگی بەکیگیراوانو پروپاگاندەچییانو هەلپەرستان. ئەو هونەرە نوییەی کە هی هەمووانە پیویستە کە لەخزمەتی شۆرشدا بیت.

**هیۆلسنبیگ** :

وە لەپیناو گەرانەوە بۆ کۆیلایەتی ؟ هونەر بۆ کەس نییە بیجگە لەخۆی.

**لینین** :

هونەر ئازادی بێ چەندوچوونی نییە، هونەر پیویستە کە ئاراستەی هەبێ. هەر لەبەر ئەوە دەبیت بە هەموو هیزمانەوە دژی ژیر چەپۆکی هونەر بین، دژی هەر

جۆریك لە جۆرەكانی گاڵتەجاری‌و سوكایەتی‌و دوودڵی و ڕك‌وكینەیەكی ئاراستەكراو لەژێر پەردەی زیرەكی داهیناندا بووەستینەوە.

**هیۆلسنبیگ**:

تۆ سووربوونیكی تەواوەوە بۆ هونەر دەروانیت. هیشتاكە باوەرت بە شاكار هەیە.

**ترۆتسكی** :

گومانی تیدا نی‌یە كە كاری گەورەی تاكە كەسی كە لە كۆمەڵیكەوە سەرهەڵدەدا ڕۆژی دیتەدی. كە لە سەرەتای كاردا لە ئەزموونكردنی شیوازی‌و زیادەڕەوی‌و درەوشانەوە رووكەشەكان هاتووە. لەرادەبەدەر بەرزو، ڕواڵەتی، تازە پیگرتوو، ناسك دەبیت. دەنگدانەوەی رابوردووو خەونە شەراییی‌یەكان دەبیت. زۆربەی پرووپوچ دەبیت، لەبیر دەكریت، بەڵام لە پەراویزیدا نیشانەكانی ئەو ریگەیە دەبینین كە مرۆڤی نویی پییدا دەروات.

**ئینیسا** :

بەڵام ئەوە كێ‌یە كە بریار دەدات كە ئەم هونەرە هونەری شۆرشگیرەو ئەو هونەرە هونەری ناشۆرشگیرە. كێ فەرمان دەدات كە كامە زیان بەخشە لەم هونەرەو كامە بەسودە ؟ كوا پیوەر ؟ كامەیە ئەو لایەنەی كە بریار دەدات كە هونەرلە كویوە دەبیت خۆی تێ هەڵقورتینێ ؟

**لینین** :

ئەوە پرۆلیتاریایە پیوەرەكان دادەنیت.

**راكۆفسكی** :

پرۆلیتاریا لەبارەی بەرهەمە هونەری‌یەكانمانەوە چی دەلیت؟ ئایا تابلۆكانی مالیڤیچ، كاندنسكی، شاگال، تاتلین، لیستسكی یت دیتوە ؟ ئایا هۆنراوەكانی بلۆك ومایاكۆفسكی یت خویندوەتەوە ؟ ئایا چاوت گیراوە بە كارە شانۆیەكانی مایرهۆلد، فاختانۆف، تیرۆف. ئایا پرۆلیتاریا لەگشت ئەمانەدا هونەریكی شۆرشگیر دەبینیت ؟

**لینین** :

کاتێك پەرتووکخانەو مۆزەخانەو خوێندگەو زانکۆکان لەبەردەستی جەماوەردا بن ڕۆشنبیری پرۆلیتاری سەر هەڵئەداو لەتەکیدا هونەری پرۆلیتاری سەرهەڵئەدا. هەر ئاواش کارگەران ئارەزووی خوێندنەوەو زانستو پەیبردنو فراوانکردنی ڕۆشنبیری لایان پەیدا دەبێ، هیوای گەورەش لە هونەرمەندەکانیان دەخوازن. جادووو بیمانایی بەرهەم ناهێنن بەلکو هونەرەکەیان واقیعیو زانستی دەبێت.

**ترۆتسکی** :

ئایا دەتوانین ئەوەی کە لە کارە هونەرییەکاندا دەنەخشێنرێت بە کاری هونەریو ڕۆشنبیری پرۆلیتاری دابنێین ؟ ئایا دەکرێ ڕۆشنبیری پرۆلیتاری هەبێ ؟ سالانێك لەشۆڕشو شەری ناوخۆو کێشمەکێشی چینایەتیمان لەپێشە. بەلێ هونەر لەجەنگدا بەشداری دەکات، بەلام پرۆلیتاریا پێویستی بە کۆکردنەوەی گشت هێزەکانییەتی بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەلاتداو پتەوکردنی هەنگاوەکانی. ڕۆشنبیریش واتە دەستپێکردنی سەدان ملیۆن لەخەلك بە فێربوونی خوێندنەوەو نووسینو ژماردن. لە کۆمەلگەی سۆشیالیستیدا پرۆلیتاریا بە پرۆلیتاریای نامێنێتەوە. شۆڕش سنوور بۆ ڕۆشنبیری چینایەتی دادەنێ، ڕۆشنبیری جەماوەر هونەری جەماوەر بەواتایەکیتر ڕۆشنبیری ناچینایەتی شوێنی دەگرێتەوە.

( تریستان تزاراو ئانا بلۆم دەکێشنەوە دواوە )

**تزارا** :

خۆشك و برایان. ڕێگەمان بدەن بچینەناو ئەو هۆڵە بەناوبانگەکان کە لە گۆڕی گیان دەچن. ڕێگەمان بدەن نیوە پەیکەرەی هەلکەوتووەکان فرێ دەینە دەرەوە. ڕێگەمان بدەن تەختو تاجیان فرێ دەینە دەرەوە، بێسەرپەنایانو بێدەستو پێیانی لەنیو کەین.

**بال** : بێ سەرەکانیش.

(ئانابلۆم سەیری لینین دەکات)

**ئانا بلوم** :

ئیلیچ . ئیلیچ.

(تریستان تزارا رای دەکیشیتە دواوە. هەمووان بەپیکەنین و دەنگە دەنگەوە بەدوایدا دەڕۆن. ئیرماند، ئینیسا، رادیك، راكۆفسكی‌یش وەگەردیان دەکەون. هەموویان لەسەر تەختەی شانۆ وون دەبن بیجگە لە لینین و ترۆتسکی. لینین بەدەستەکانی لاجانگ و نیوچەوانی دەگوشیت).

**ترۆتسکی** :

دکتۆر پیی ووتی لەگەشت و ئارامی‌دابی، پشوو بدەی.

**لینین** :

ه...م. پشوو ؟ ئیمە پیویستمان بەهەموو ساتیك هەیە.

( لینین روو لەچرپاکە دەنێ و لەسەری پال دەکەوێ ).

ئیستاکە کاتم نی‌یە تاوەکو گوی لە ئینیسا رادیرم کە ئەباسیوناتا (بەشیکە لەموزیکی بتهۆفن) دەژەنێ. ها. ها. ها. ها. چەند جوانە کە مرۆڤ بیری لی بکاتەوە بەلام ناتوانم بیبیستم. موزیك کارایی خۆی لەسەر میشك بەجێ دیلی. مرۆڤ دەیەوێ ئەو شتە جوانانە بلی کە ئاسودەی دەکەن. ها. ها. ها. ها. لەووزما نەماوە. بیرکردنەوە بەبیرۆکەی جوان، ئەوان لە دۆزەخدا دەژین. بە خراپە وەڵامی چاکە دەدەنەوە . لەسەریان بدە، ئەوەت لەسەرە بیکەی.

**ترۆتسکی** :

ڤلادمیر ئیلیچ، جارجارە پیویستە مرۆڤ کەمێ پشوو بدات. کەی لەگەل ئینیسا ئیرماند لەکۆبنهاگن بووی ؟ لەچ سالیکدا بوو؟

**لینین** :

لە سیپتەمبەری، سالی ١٩١٠دا. دە رۆژ پیکەوە ماینەوە .

**ترۆتسکی** :

ئەمە هەموو مەسەلەکەیە ؟

( لینین پێدەکەنێ )

**لینین** :

پیانۆ ژەنین. گەشت و گەران. ژووریکی هۆتیل. ئەم جۆرە پەیوەندیانە بەخیرایی تێدەپەرن کارایی لەدوای خۆیان جێناهیلن.

**ترۆتسکی** :

تۆ تەنیا لەپیناو شۆرشدا دەژیت. شەوو رۆژ. خۆراگری. ئاشکراو. روونی. پیشەوای بۆ کەسانیتر.

**لینین** :

هەر دەبیت کار ئەنجام بدرێ ( دەست لەسەر سەری دادەنێ ).

**ترۆتسکی** :

من دەزانم دوێ شەو چاوت لیك نەناوە. لەگەل ئەوەشدا بەیانی هەستام تۆ پێدەکەنیت ها. ها. ها. ها چۆنی؟ شتی تازە چییە ؟ چۆن دەتوانی بەم بارەوە لە خەو رابیت. میشکت هیلاك. بەدەست ئازاری سنگ و کەلەکەشتەوە دەنالینی. هەموو بەشیك لەجەستەت تیاچووەو وەرەمی کردووە. ئەکزیما. چۆن بەرگەی دەگریت ؟

**لینین** :

شتیکیوا گرنگ نییە.

**ترۆتسکی** :

شتیکی گرنگ نییە ؟ گرنگ نییە کە ئازار لەشت داگیر دەکا ؟ گەدە، ریخۆلە، دل، هەردوو گورچیلە، زۆرجار بیرکردنەوە لەم شتانە رۆژیکی تەواوم لی داگیر دەکات. پیری. نزیك بوونەوەی مەرگ. تەنانەت لەسەردەمی منداڵیشمدا بیرم لەکات دەکردەوە. جاریکیان وامزانی شتیکی دریژە وەك سەکۆی بەردەرگەی مال.

دابەشکردنی کات. ژماردن. کات شیوەی نییە. شیوەی نییە بیجگە لەوساتەی دەژمیردریٚ. جارجار لەخەو رادەبم پەشیویش لەتەکمدا رادەبیٚ. هەست بەوەرز بوونیکی زۆر دەکەم. وەك کەسی کە لەدەرگەیەکی نامۆوە فریدریتە ژووریك کە نەیدیتبی. رووناکییەکی ناویزە. دەنگدانەوەی نیوان دیوارەکان. ئەمە گەرانە لەدوای پەیوەندی. پەرتووکەکان. ووشە بیٚ سەرو شوینەکان. سەرچاوەکان لییان ناگەم. جارجارە شتەکان وەها دینە پیشچاو هەر دەلیی لەسەر تەختەی شانۆیەکی گەورەن. ئیلیچ سەرەتا کە چووم بۆ شانۆ شتیکی سەرسوورهینەر بوو. شتیك کە زمان توانای باسکردنی نییە. بە تەواوی نایێتەوە بیرم لەسەر شانۆکە چ رووی دەدا. تەنانەت لەماوەی پشوودانداا لەشوینی خۆم چەقیبووم لەترسی ئەوەی نەکا شتیکم لەدەست بچیت. کاتیك لییان پرسیم چیت بینی ؟ وەلامم پەیدانەکرد. چیت دیت ؟ چیت دیت ؟

( لینین بیٚ جوولانەوە لەسەر چرپاکە راکشاوە، هەروەك پیشتر، چوار سەرباز بە پۆشاکی سوپای سوورەوە دینە ژوور. بەرەو چرپاکە دەرۆن: لینین بەرزدەکەنەوەو تیدەپەرن. )

## بیستوپینجی ئۆکتۆبەر

قەرەبالخییەك لەکارگەرانو دەریاوانانو سەربازان بەهیواشی بەرەو پیشەوە هەنگاو دەنین. جلوبەرگی دراو، پالتۆی قوراوی سەربازان، کلاوی توکنی قەبە، چەك لەشان، قایشو کۆلەپشت. ترۆتسکی وەپیش دەدەنو دینە پیش.

**ترۆتسکی :**

لەویندەریٚ لەمالەکانیاندا، ئیستاکە لەویندەریٚ دادەنیشن. بۆرژواکان کۆدەبنەوە. گویرادەگرن. هەولدەدەن بزانن لەشەقامە سەرەکییەکاندا چ روودەدات. لیپرسراوان فەرمانی وا ئاراستە دەکەن کە لەمرۆ بەدواوە کەس نایخوینیتەوە. مامۆستایانی فیرگەکان سەر بە پەرتووکە سەردەم بەسەرچووەکاندا دەکەن.

هۆنــەرەکان عارەقــەی هۆنینــەوەی هۆنراوەیــان لیدەچــۆڕێو کــەس نیــە بیــان خوینیتەوە. مەنگی. پیشبینی دانانی بەربەست لەسەر ریگاکــان دەکــەن. تەقەکردن، بڵاوبوونەوەی کاری راورووت. رووباری خۆین هەلدەستێ. بەلام هەموو شتێ ئارامە، ئــەوان توانــای تیگەیشــتنی ئــەو بێدەنگییــە ترســینەرەیان نیــە. لەبــەردەممان‌دا دانیشتوون. ئیمە کۆر کۆر بەهیواشی بەرەو روویان دەرۆین. ئەوان پەی بەوە نابەن. پیویســتمان بــە بانگــەوازی دەنگــدەرەوە نــەبوو بــۆ ئــەوەی یــەك بگریــن. لەکارگــەو کارخانەکانــەوە ، لەکەشــتی‌یەکانەوە، لەبــەرەکانی جەنگــەوە هــاتووین. خــەم دەخــۆن‌و کەمیك عارەقە دەردەدەن. لەگەل ئەوەشدا پییان خۆشە چاویان پیمــان نەکــەوێ. مــل نــادەن بــەوەی کــە ئیمــە ئەوانــەین لــەریزەکانی دواوەدا بووین، دەیــان میــل لییانــەوە دووربووین هــەروەك نــەبووبین، ئیســتاکە لەپیشــەوەی ریزەکــانداین. چــەندین ســال تیپەرین‌و ئیمە دەیانژمیرینەوە، ئەوەتا ئیمە خۆمان دەردەخــەین. ناچاریــان دەکــەین کە نەدیدەمان نەگرن. واخەریکە لەترسانا دەلەرزن.

( هەمووان دەکشینەوە دواوە. بەشــیکیان دەچنــەدەرەوە. ئــەوانی‌تر وەك پاســەوان‌و نامەبــەرو کەســانی ســوپای ســوور دەمیننــەوە. هــەندیکیان لەســەر زەوی بــۆ خــەوتن پال دەکەون. پیاویك سەرپەرشتی تەلەفۆن دەکات. خواردن و سینی‌یەك چای بۆ دیت.

لینین، دزرنسکی، خمینیف، راکۆفسکی، سفیردلۆف، سمیرنۆف، شلیابنیکۆف، بۆزنانســکی، مراچکۆفســکی دینــە ژوورەوە. ترۆتســکی لەلایــەکی میزەکــەو لینــین لەلاکــەی تــری دادەنیشــن. هــاتووچۆ بــەردەوام دەبیــت. نامــە دەنووســرین‌و دەدرینــە نامەبــەرەکان. ســەربازو دەریاوانــان بــەراپۆرتی زۆرەوە دینــە ژوورو بەفــەرمانی زۆرەوە دەچنەدەر.

**دزرینسکی** :

کچە ئۆرۆستۆکراتە سمۆلینی‌یەکان هەرگیز خەونیان بەوەوە نەدیوە کە شۆرش لیرە وە سەرپەرشتی بکریت. لەسەر دەرگەکەی دەرەوە نووسراوە " گەورەی چینەکان"

**سەربازی یەکەم** :

ئیستاکە چینیکیکە لیرەیە.

**ترۆتسکی** :

دزرزینسکی، هەوالی شەرەکان چییە ؟

**دزرزینسکی** :

تیپی کیکسهۆلم دەستی بەسەر بنکەی پەیوەندییە بروسکەییەکاندا گرتووە، دوو سەرباز سەرپەرشتی ناوەندی دابەشکردنی گشتییان کرد. تەنیا ئەوەندە بەس بوو. فەرمانبەرەکان لەنووسینگە زانییان ئیستاکە کێ لیپرسراوە.

**ترۆتسکی** :

ئەی بنکەی پەیوەندییە تیلەفۆنییەکان ؟

**دەریاوانی یەکەم** :

کاتیك کە هیزی ئیمەی گەیشتێ دەنگی هاواری ترسو زەندەقچوونی کارگەرە ژنەکانی تیلەفۆن بەرز بووەوە، بەدەست راوەشاندن بە شیوەوەیەکی شیتانە دەپارانەوە. ئەوە چیتان لیقەوماوە کچان ؟ پیتان وایە ئیمە تەقەکەتان لیدەکەین ؟ دەتوانن هەمووتان برۆن، ئیمە بەکارەکان هەلدەستین. لەبنکەکە دەرچوون، شەقامی مۆرسکایا لەکلاوو پالتۆی شلو شیواو پر بوو.( پیکەنین )

( سەربازیك بەرەو مراچکۆفسکی دەروات )

**مراچکۆفسکی** :

فەرمانگەی ئاو، کارەبا، پۆستی سەرەکی هەموویان کەوتوونەتە دەستی خۆمان. پاسەوانەکانیش جیی متمانەن.

**دەریاوانی دووەم** :

ئۆرۆرا ئیستاکە لەلای پردی نیکۆلایسکی دامەزراوە.پردەکەمان رماند. ئاسایشی پەرینەوەمان دابینکرد. هەندیك زرییپۆش لەو ناوەدان. شوینەواری

هیچ کەشتی‌یەکی جەنگیمان بەدی نەکرد.

**ترۆتسکی** :

ئەی لە قەلای بوترسو بۆلس چ باسە ؟

**دەریاوانی دووەم** :

هەشت پارچە چەکیان گرتووە. دەستیان بەسەر پردی تروێزکی‌دا گرتووە. هەندیك هاورێ دەرچوون بۆ هەژاندنی تیپی سوارەکان.

**شلیابنیکۆڤ** :

بەبێ تەقاندنی فیشەکیك دەستمان بەسەر ویستگەی هیلی شەمەندەفەردا گرت. بەرگ پەلاوی‌یەکان (المغاویر) لەویندەرێ بوون. کاتیك کە تاریك داهات دەستریژیان کرد. بۆنۆف لەگەل کارگەراندا لەپەیوەندی‌دا بوو. ملیۆنێن خواردەمەنی لیبرابوو.

**ترۆتسکی** :

ئەی بانکی ناوەندی ؟

**دزرزینسکی** :

دەستەیەك دەریاوان، کە چل کەس دەبن، بەریوەن بەرەولای.

**لینین** :

هیندیك هاورێ لەنیوماندا بوون ئەوانەی کەوازیان نەهینا لەراگەیاندن لەبەردەم هەمووواندا کە مە پەلەمانکردووە لەراپەرینی چەکدارانەدا، پیشیان وایە کەدەبێ تا سبەی چاوەرێ بێن کۆنگرەی سوڤیەتەکان چ دەلین. وەك بلیی شۆرش بە دەنگدانە.

**خامینیف** :

منو زینۆفیف تەنیا کەسانیك نێن، کە پیمان وایە راپەرینی چەکدارانە نەك تەنیا پارت، بەلکو شۆرشی رووسی‌و شۆرشی جیهانی‌یش دەخاتە مەترسی‌یەوە.

**لینین** :

ماوەیەکی زۆر بریاری هیرشمان دواخست. ئیستاکە جەماوەر خوازیاری‌یە.

دوودڵان و لادەران بەجیمان. پرۆلیتاریا لەسەرتاسەری ئۆروپادا لەبزووتندایە. گەلە کەشتی ئالمانی شۆرش دەکەن. سۆسیالیستەکانی ئیتالیا رادەپەرن. هەلومەرجی جیهان بەتەواوی لەتەقینەوەدایە.

**خیمینیف** :

یاخیبوونی گەلەکەشتی ئەلمانی شتیکی بەرچاوە، بەڵام بەکردەوە هاوپشتی بۆ شۆرشی رووسی تیا بەدی ناکەم. مە هەرگیز نەمان ووتوە شۆرش لەروسیە تەنیا لەسەر چینی کارگەر راوەستاوە. ئەوەش بەس نییە کەزۆربەی کارگەران و هیزە چەکدارەکان لەگەل مە بن. کۆرو کۆمەلیکی گەورەی ووردە بۆرژوازی لەئارادان. دەبیت پیش هەموو شتیك هەلیك برەخسینین بۆ پارت تاوەکو گەشە بکات، دەبیت جەماوەر چاوبگیریت بەوشتانەدا کە پارت هەول دەدات پییان هەستیت.

**لینین** :

گەر ئیستاکە وازبینین کارگەران بەرووماندا دەتەقننەوە هەروەك چۆن بەرووی مەنشەفیك و سۆشیالیستە شۆرشگیرکاندا تەقینەوە. گەر سەرکردایەتی نەکرین، ئەوا هیزەکان پرش و بلاودەبنەوە. بزووتنەوەی گرژەوەبوو. تەقینەوە ئەنارشیستی. جەنگاوەرەکان شەری نائومیدانە دەکەن. بۆرژواکان لیرەوە لەگشت گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا هەناسە وەبەرخۆیان دیننەوە بۆ رامالینی پارتەکەمان. سەرکەوتنی شۆرشەکەمان ئیستاکە لەسەر یەك یان دوو رۆژ جەنگ راوەستاوە.

**شلیابنیکۆف** :

هاوریێیان کێ گویتان لیرادەگیریت، پیتان وایە شۆرشەکەمان پیویستی بەخۆپەرانەوە هەیە. مە داوای مۆلەتمان لەکەس نەکرد کاتیك کە یانیوەری پارسال لەکارگەکاندا دەستمان پیکرد. ئەوە شۆرشی کارگەران بوو. شۆرشی کارگەران و سەربازانیش هیشتاکە لەشوینی خۆیدا دەسووریتەوە. هەنگاویك نەچۆتە پیشەوە.

**کارگەری یەکەم** : ( لەگەل کارگەریکی بنکەی پەیوەندی تیلەفۆنی قسەدەکات)

خیراکە. مە چاوەریین. دوا هەوالی کارخانەی چەکسازی چی‌یە ؟
سوپای سوور چەکی پیویستە.

**کارگەری تیلەفۆن** :

ئیستاکە من لە پەیوەندی گرتندام لەگەلیان. دەتوانن پینج هەزار تفەنگ لەگەل سندووقی تەقەمەنی‌داگرن. مۆلەت لە ترۆتسکی وەربگرن.

( دەریاوانەکان بەچەکەوە دینە ژوور)

**دەریاوانی سێیەم** :

بانکی ناوەندی کەوتە ژیر دەستمان.

**راکۆفسکی** :

پیرۆزی‌یەکانی پیرۆز کرد.

**دەریاوانی سێیەم** :

لەکەنالی بیکاترینسکی بەکریگیراوانی رژیمدا هاتنە سەر ریمان. کاتیك کە ئیمەیان دیت شلەژان. پیمان ووتن ئیمەیان ناردووە پاسەوانی بانك بکەین. بیچەندوچوون ریگەی چوونە ژوورەوەیان پیدایین. چووینە ژوورەوە. دەرگەکان دانەخرابوون لەسەر هەر تیلەفۆنیك پاسەوانیکمان دانا.

**دەریاوانی چوارەم** :

خۆزگە چاویکتان لەکارمەندەکانی بانك دەبوو. پیمان ووتن ئالتوونەکە لەکوێیە ؟ بە نووکە خەنجەری ، بەلیدانیکی هاکەزایی کلیلەکانیان دایە دەستمان. چووینە ژیرخانەکانەوە.

**راکۆفسکی** :

ئەی پاش ئەوە ؟

**دەریاوانی چوارەم** :

شمشە ئالتوونمان دی کە وەك کیك لە تەنووردا پالخرابوون.

**راكۆفسكی** :

ئەمە پاساوی ئەوەیە كە كۆمۆنەی پاریس پیی هەڵنەستا.

( ئـەنتۆنۆف دیتـە ژوور. زانیاری‌یـەكان بـە ترۆتسـكی دەگـەیینینت. لـەم كاتەدا لینین چاو بە كاخەزەكاندا دەخشێنیت‌و تیبینی دەنووسیت).

**ئەنتۆنۆف** :

كۆشـكی زسـتانی ، سـەنگەرەكانی شـەقامی سـەركردایەتی دەریـاوانی‌و شەقامی نیڤسكی‌و، مەیدانی مارس‌و، شەقامی كۆشك ئابلۆقە دراون.ئیمە لە شورەكانی كۆشـكی ئیرمیتـاژ و سـەنگەرەكانی دەوروبـەری خربووینەتـەوە. گشـت دەرگـەكانی باخچـەكانی كۆشـك لـەژیر كۆنـترۆلی ئیمـەدان. چووینـە دەرگـەی سـەرەكی‌و پاسـەوانەكەمان چـەك كـرد. چـەكدارەكانی رژیـم لەپشـت كۆمەڵـەداری هـەڵچنراودا سـەنگەریان گرتـووە. كۆمـەكیان پیگەیشـتووە. تیپیـك لـەژنان. ئـۆرۆرا چـاوەریی نیشـانەیەكە لـە قـەڵاوە. سـەرەتا فیشـەكی بانگهیشـتن، وەك لەسـەری پیكـهاتوون، تەقەكردنیش ئەگەر پیویستی كرد.

**ترۆتسكی** :

راگەیاندنـەكانی خـامینیف‌و زینۆفیـف لەوانەیـە بۆئیمـە بەسـوودبن، وا لە كیرنسكی دەكات كەپیی وابیت مە هیزمان پیّ ریك نەخراوە بۆهیرش‌و، حەزمان لە گفتوگۆكردنە. نەخشەی ئیمە تا ئیستاكە گەشەدان بە خۆئامادەیی بووە تاوەكو وا دەركەویت كە ئەم هەنگاوانە بۆخۆپاراستنن وەك خۆ ئامادەیی دژە شۆرشی دەستی راسـتی. ئـەوەی كـە لـەم سـاتەدا پیویسـتمان پیّیـەتی هەڵسـانە بـە هەڵخراندن‌و بەسووكایەتی كردن. دوای ئەوە دەبیتە هیرشیكی بەرگری كەرانە.

**ئەنتۆنۆف** :

وەك مامری گیژ لە كۆشكدا دەسووریینەوە. گەشـتەكانمان ناردن‌و لـە ژیر زەمینەكانەوە سەركەوتنە كۆشك. دەولەت خۆی ترنجانۆتە ژووری شكۆوە. لەپشت

هەر پیاویکی دەولەتەوە کەسیکی خۆمان وەستاوە لەجلوبەرگی خزمەتکاردا خۆیان شاردۆتەوە، پیکەکانیان بۆ پر لە مەی دەکەن.

( ژنو پیاویك لەکارگەرانی چاپخانە بەپرتاو دینە ژوورەوە)

**ژنە کارگەرەکە** :

پراڤدامان چاپ دەکرد کاتیك کە بەکریگیراوانی دەرەبەگەکان داباریە سەرمانو بە قونداخی تفەنگ پلیتی چاپەکەیان لەسەر میزەکە فریدایە خوارەوەو چوارچیوەکانیان شکاند. کردینیانە دەرەوەو، دەرگەکان داخرانو گلۆپی سووریان لەسەردانرا. تیپیکی پاریزگاریمان بدەنێ بەلینی دەرکردنی رۆژنامەکەتان دەدەینێ.

**ترۆتسکی** :

دەرگەی رۆژنامەی بۆلشەفیك بەگلۆپی سوور دادەخەن !. ئەمە نیشانەی شەرە. فەرمانی دەستبەجێ بنیرن بۆ کەرتی لیتۆفیسك و، تیپیك بۆ پاریزگاری کارگەرانی چاپخانە.

**کارگەری چاپخانە** :

چەند کەسمان لە کەرتی پۆشاك پەلاویەکان بۆبنیرن. ئەوان لەتەنیشتمانەوەن، هاوەلیشمان لەتەکیاندا پتەوە.

( ترۆسکی چەند نامەیەك دەنووسیتو دەیانداتە نامەبەرەکە).

**ترۆتسکی** :

ئەنتۆنۆف چرای سوور لەسەر قەلای بوترس و بۆلس هەلکە.

( ئەنتۆنۆف دەچیتە دەرەوە).

بۆزنانسکی بنووسە. فەرمانی ژمارە یەك سۆڤییتی پترۆگراد لەمەترسیدایە. ئاژاوەچییەکانو دژە شۆرشو بەکریگیراوانی دەرەبەگو تیپە لیدەرەکان بۆ هیرش خۆئامادە دەکەن. لەشوینی ستراتیژیدا کۆببنەوەو ئامادەی فەرمانی تازەبن. هەرسەرپیچیو دواکەوتنیك لە لەئەنجامداندا بە دژەخونی لەشۆرش دادەنریت.

( بۆزنانسکی نامەکە دەداتە یەکێك لە سەربازەکان، سەربازەکە وەریدەگریتو بە پەلە دەچیتە دەرەوە).

**لینین** :

سەرپەرشتی رۆژنامەگەری. پشتکردنە ئەم بیرۆکەیە لەو کەسانەوە سەرچاوە دەگریت کە جیاوازیان نی‌یە لەگەل ئەوانەی کە باوەریان بە لەتوانادا بوونی هاوپەیمانی لەگەل مەنشەڤیك (کەمینە)و سۆشیالیستە شۆرشگیرەکان هەیە. ئەم ورە ورە چی‌یە کە دیموکراتەکان دەیکەن ـ تەنانەت بالی چەپیشیان ـ لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەری‌یەوە. بۆچی لیبرالەکان داوای ئازادی رۆژنامەگەری دەکەن ؟ بۆئەوەی بمانخەنە داوو ناوبانگمان لەکەدار بکەن. مافی دەربرین کەمترە لەمافی ژیان. ئەوەی پیویستە سەرەتا بیکەین سەپاندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە لەسەر رۆژنامەگەری. رۆژنامەگەری چەکیکە لەچەکەکانی خەباتی شۆرشگیرانە. ئەرزشە رەوشتی‌یەکان دەبیت لەپلەی دووەمدا دانرین.

**سەمیرنۆف** :

خەلك لەناوەندی شاردا گەشت دەکەن، هەر لە تەنیشت کۆشك. جیی باوەرکردن نی‌یە. شەمەندەفەرەکان وەك هەمیشە تیدەپەرن. چیشخانەکان ، هۆلی سینەماو شانۆکان کراوەن. من لە مۆیکاوە هاتووم. کە فەرمانم بە ئەفسەرو بەکریگیراوانو خانمە شیك پۆشەکان دەدا، هەستم دەکرد وەکو ئەو کورتە قەمتورەم کە هەولی روخاندنی کیویك دەدات. لەریگەی گەرانەوەمدا پالتۆکەیان دزیم. وامزانی کەسانی گەشتو پاریزگارین، بەلام کۆمەلیك لاوبوون.

**ترۆتسکی** :

سەمیرنۆف ئەوە لەکویندەری روویدا ؟

**سەمیرنۆف** :

لیرانە، لەنزیك سمۆلینی. بەرەو رووم هاتنو ووتیان: هاوری پالتۆ

توکنەکــەت داکەنــە، گــەرموگوریت بەســە، لەســەرمادا خوینبــەرەکانمان رچیــون. زووکە دایکەنە. منیش ناچار دامکەند. پیکەنین

**ترۆتسکی** :

ئەوەی پیت دەلیم بەزوویی رایگەیینە. هەرکەس لەشەقامەکانی پترۆگراددا بەکاری ئاژاوەچیتیو راور ووتو تانەدانو تەقەکردن هەستیت ئەوا بەدادگای عورفی دەدری، گەر تاوانەکەی سەلمیندرا دەستبەجێ فەرمانی لەسیدارەدانی دەریت.

**دزرزینسکی** :

توخودا سەیرمان کەن. رەنگمان پەریوو، ژیر چەناگەمان نەتاشراو. گەر بۆچەند ساتیکیش نەخەوین ئەوا شۆرش دەدۆرینین. ئای بۆ گەرماوو کراسی خاوین.

( ژنە کارگەریك پالتۆیەکی سەربازی لەبەرە، تەشتیکی پر لەئاو هەلدەگریتو لەبەردەم دزرزینسکی دایدەنیت. دزرزینسکی دەموچاوی دەشوات، دەمی پرلەئاو دەکات. پاش غەرغەرەکردن ئاوەکە تف دەکاتەوە. لینین هەلدەستیتەوەو لەم سەر بۆ ئەوسەر هاتووچۆ دەکات ).

**لینین** :

گواستنەوەی خیرا لەچەوسانەوەو دوورخستنەوەوە بۆ دەسەلات سەرگیژە دروست دەکات. ( لەشیوەی بازنەیەك بەدەوری خۆیدا دەسووریتەوەو دەستی لەپشت سەری گرێ دەدات).

پیویستە دەولەت پیك بینین. خۆمان ناو بنیین چی ؟ بەهیچ شیوەیەك رازی نابم ناوی شالیار لەخۆمان بنیین، چ ووشەیەکی قیزەونە.

**سەفیردلۆف** :

چی دەبیت گەر خۆمان ناو بنیین نوینەر ؟ بەلام سەدان نوینەر هەن.

**سەمیرنۆف** :

نوینەری یەکەم، یان نوینەری گەل.

**لینین** :

نوینەری گەل. هـ م ئەی دەولەت بەگشتی ناو بنێین چی ؟

**ترۆتسکی** :

سۆڤیەت، سۆڤیەت خۆیەتی. سۆڤیەتی نوینەرانی گەل.

**لینین** :

نوینەرانی گەل. ناوێکی جوانە. لەگەل شۆڕشدا دێتەوە. من پێشنیار دەکەم کە هاورێ ترۆتسکی ببێتە سەرۆکی سۆڤیەتی نوینەرانی گەل.

**تروتسکی** : تکایە بمبوورن لەم پلەو پایەیە.

**سەفیردلۆف** :

ترۆتسکی ماوەیەکی درێژ لەپارت دابرابوو. ئەو لەنێوانماندا نەبووە، بێجگە لەچەند مانگێك نەبێت.

**لینین** :

لەنێو بۆلشەفیکەکاندا بێجگە لە ترۆتسکی کەسێکی باشترمان چنگ ناکەوێت. ئەو پێشەوای سۆڤیەتی پترۆگرادە. من ئەمە بەبێ پەردە دەلێم. تۆمارکراوی رەسمی ئەم رۆژانەمان نییە. ئەوەی هەمانە چەند تێبینییەکی بێسەروبەرەیە، چەند فەرمانێکی تۆمارنەکراو. هەمووان هیلاك بووین و کەسمان توانای نووسینەوەی مێژوومان نییە. کێ دەزانێت لەچەند هەفتەو مانگی داهاتوودا چەندەمان بە زیندوویی دەمێنینەوە ؟ کێ بەرامبەرمان رادەوەستێت کەنەمان توانیوە رووداو باسەکانمان تۆمار بکەین، ئەگەر ئەوە بەهەلەوگەراوی نەیلێم. من دانی پێدادەنێم کە هاورێ ترۆتسکی نەخشەکێشی هەنگاو بەهەنگاوی راپەرین بووە. ئەو بوو بەرەو سەرکەوتن رابەری شۆرشی پترۆگرادی کرد.

**ترۆتسکی** :

وا باشترە لەدەرەوەی دەولەتدا بمێنمەوەو، گرنگی بە رۆژنامەگەی پارت بدەم.

**لینین** :

نوینەرایەتی کاروباری نیوخۆیـی لەئەسـتۆبگرە. ئـەرکی سـەرەکی ئیسـتاکەمان دژایەتی دژە شۆڕشە.

**ترۆتسکی** :

چەکیکی نوێ بدەینە دەست دوژمن، پیم دەلین کە من یەهودیم ؟

**لینین** :

سەرقالی ئیمە شۆڕشی جیهانییە. چیمان داوە لەو قسە پوچانە.

**ترۆتسکی** :

لەوانەیە شۆڕشیکی گەورە بووایە. بەڵام هیشتاکە زۆر گەمژە دەورەیان داوە.

**لینین** :

پیویستە لەسەرمان ئەوە بکەین کە لەگەلیاندا دەگونجیت ؟

**سەمیرنۆف** :

من پیموایـە باشـترە کـە کیشــە ئەوروپییـەکان بدرینــە لیـۆن داڤیدۆڤیـچ ئـەو شارەزایی لییان هەیە، لەبەر ئەوە پیویستە کاروباری دەرەوە لەئەستۆ بگریت.

**لینین** :

ئایا  بە پیشنیارەکەی سەمیرنۆف رازی دەبیت ؟

**ترۆتسکی** :

( بەدوودلییـەوە) چی دەکـەم گـەر لـە ئەسـتۆی بگـرم ؟ هـەندیك راگـەیاندن ئاراستەی گەلانی جیهان دەکەمو دوکانی قسە دادەخەم.

( سەربازیك بەبەدلەیەکی پیسەوە دیتە ژوور)

**دەریاوانی دووەم** :

ئەفسـەرە گچکـەکان لـە قـەلای بوتـرسو بۆلـسدا سـەرەتا ووتیــان ناتونن تەقە بکەن، چونکە تفەنگەکان کەلەك دەکەنو، فیشەکدانەکان پیویستیان بە

چەورکردن هەیە. دەریاوانەکان وون بوون. پاشان چەند کەسی تۆپخانەی دەریایی دەرکەوتن. شارەزاییيان کەمبوو، بەڵام لەگەل بریارەکانی بۆلشەڤیكدا بوون. چەکەکانیان ریکخستن‌و، ئامادەی تەقەکردن بوون بەبێ ئەوەی گرنگی بە کەلك بدەن. چرای سوورمان چنگ نەکەوت. کاتیکی فرەمان بەفیرۆ داو چرامان پەیدا نەکرد. تا دواجار دانەیەکمان پەیداکرد. بەرزمانکردەوە. ئورراش وەڵامی داوە.

**ترۆنسکی** :

ئایا تەقەتانکرد ؟

**دەریاوانی دووەم** :

پیویستی نەکرد، کۆشکی زستانە لەژیر رکیفی ئیمەدایە.

**ترۆتسکی** :

ئایا ئەمە شتیکی دلنیایە.

**کارگەری تیلەفۆن** :

نەخیر. بەڵام کیرنسکی هەلهاتووە.

**سەربازی دووەم** :

هیشتاکە ژنەکان لەژیر لوولەی چەکدا دەستبەسەرن.

**سەفیردلۆڤ** :

هاورێیان، دوای چەند کاتژیر کۆنگرە دەست پیدەکات. بابچینە ژوورەکەوە، هەستین بەریکخستنی ئەوەی کەپیویستە. هەموو ئامادەبووان دەچنەدەرەوە. لینین‌و ترۆتسکی بەتەنیا لەپیشەوە دەميننەوە.

( لەدواوە دەزگەیەکی تیلەفۆن‌و کارگەرەکەی دەردەکەون. سات نا ساتیك پۆستەچی‌یەکان دینە ژوورو دەچنە دەرەوە. لینین لەسەر چرپا گچکەکە لە تاو ئازار دەتلیتەوە. ترۆتسکی لەسەر چەند کورسی‌یەك لەنزیك لینین وە رادەکشیت. ژنە کارگەریك بەپالتۆی سەربازی دایان دەپۆشیت).

بـــــــــــۆ ل٣٦

# سیناریۆی دوا شەوی ڤانکۆخ

نووسینی: رزگار باهر ( هۆلەندا)

کادر رەنگی سپی دەنوێنێ و پاش چەند چاوتروکانێك وورده وورده رەنگی سوور لەسەر کادره سپییەکه بەدەر دەکەویت. لەگەڵ دەرکەوتنی فلچەی دەستی وینە کیشیك.

جیگا ژووریکی شیواوه بەکەلوپەلی وینەکیشی و کتیب و هەندیك پیویستیمرۆڤ. رەنگ و روناکی ژوورەکه بەگشتی تاریك و بێ ئومیدی پیوه دیاره.

کات سەعات ١٢ی شەوه. دەنگی سەمفۆنیایەکی خەمبار دەبیستریێ. پاشان کادر لەرووی پشتەوەی نیگارکیش نیشان دەدات که خەریکی نیگارکیشانە زیاتر شکلیکی نادیاری تاریك نیشان دەدات.

کادر دەچیته سەر سەعاتەکه بەکلۆسن سەعات ١٢ی شەو نیشان دەدات.

پاشان کامیرا سیبەری ( تارمایی ) هونەرمەندیکی مۆسیقی نیشان دەدات که بەهەمان شیوەی نیگار کیشەکه دار یان قەلەمی بەریوەچوونی مۆسیقاکه واته سەمفۆنیاکەی له دەسته و وەك مایسترۆیەك لەگەڵ دەنگی سەمفۆنیاکەدا جووله دەکات.

کامیرا دەگەریتەوه سەر نیگارکیش له زاوییەکیترەوه. بەلام نه تابلۆکه و نه کابرای نیگارکیش بەروونی دیار نین.

کامیرا دەچیته سەر دلۆپەیك که له بەرزی مەتریکەوه دەتکیته خوارەوه بۆ سەر زەوی. بەلام دیار نیه ئەم جۆره دلۆپەیه ج جۆره شلەیەکه.

کامیرا بۆ جاریکیتر دەگەریتەوه سەر سیبەری مایسترۆکه که لەسەر دیوارەکەیه و بەدارەکەی دەستی بەردەوامه لەجوولەدا. بەپیی سەمفۆنیاکه کامیرا دەگویزریتەوه سەر کاتژمیرەکه و سەعات ( ٣)ی شەو تۆمار دەکات.

پاشان کامیرا دەگەریتەوه سەر نیگارکیش و فلچەکەی دەستی نیشان دەدات کاتیك که بۆ نیو لەپی دەستی دەیبات که جیگەی رەنگەکانیەتی واته لەپیدەستی بۆته ( پالیت)

بەدەستەکەی تری فلچەکەی بەکاردینێ. تیبینی بەڵام بۆ جاری دووەم دەبیت ئەم لەقطانە بەگشتی تاریك و تۆخیان پیوە دیار بیت. واتە ئەم لەقطانە خۆیان لە نادیاریدا ببیننەوە.

کامیرا جاریکیتر تەرایی ئەو دلۆپە شلەیە نیشان دەداتەوە کە لەبەرزایی مەتریکەوە دەتکینە خوارێ.

کامیرا لەقگەیەکی گشتی ژوورەکە نیشان دەدات کەدەتوانرێ بۆجاری دووەم بیت.

پاشان کامیرا مایسترۆکە لەجوولەی کۆتایی پیهاتنی سەمفۆنیەکە نیشان دەدات، کامیرا زۆر بەخیرایی دەچیتە سەر ریکۆردەریك بەکلۆسن کاتیك کە دووگمەی (STOP) بەرز دەبیتەوەو تەواوبوون تۆمار دەکات.

کامیرا زۆر بەخیرایی دەگەریتەوە سەر دلۆپەکە لەژیر دەستی کابرای نیگارکیشەوە واتە لەجیگەی پالیتەکەوە. عەدەسەی کامیرا واتە چاوی کامیرا پیشوازی دلۆپیك دەکات و بەرچاوی کامیرا دەکەویت. دەنگ نیە، دەنگ برانەو کامیرا بەخیرایی دەگەریتەوە سەر نیگارکیش وەك ئەوەی ورد وردە دەستی فلچەکەی بەسەر تابلۆکەوە سارد بووبیتەوە.

کامیرا ئەوە نیشان دەدات کە نیگارکیش دەکەویتە سەرزەوی و دەم و چاوو دەستی و فلچەکەی دەستی زۆر نزیکن لە جیی شلە تەرەکەوە.

کامیرا دەچیتەسەر کاتژمیری سەردیوارەکە (٦)ی بەیانی تۆمار دەکات. تاریکیش بەرەو روناکی خۆیدەنوینێ. دەنگی زەگی تەلەفۆنیکی نادیار دەبیسترێ.

کامیرا بۆ جاریکیتر لەقگەیەکی گشتی نیشان دەدات کە نیگارکیش کەوتووە. پاشان کامیرا دەچیتە سەر تابلۆکە کە هەمووی دیارە بەرەنگی سوور نەخشینراوە.

پاشان کامیرا دادەبەزێ بۆ سەردەموچاوو دەست و فلچەی دەستی هونەرمەندەکە. دەردەکەوی کە تەراییەکە خوینەو نیودەستیشی هەر خوینەو فلچەکەش خویناوییە. دەردەکەوی کە خوینی دەماری دەستی هونەرمەندەکەیە.

تا وینە بمینێ دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە هەر دەبیسترێ.

پاشان دەنگی هەراج کردنی تابلۆ دەبیسترێ لە هەراجخانە. دەتوانرێ وینەی دیمەنی فرۆشتنی تابلۆ نیشان بدرێ.

_ کۆتایی _

## دوولای شار

## هەژین

هەبوو نەبوو، شاریك هەبوو. شاریکی کۆن شاری هەزار داستان. داپیره هیندە باسی شەرو هیرشی بۆ کردبووم، زۆرجار خۆم بە جەنگاوەریکی بریندار، هیندیك جاریش بەگیراویکی شەرەکان دەزانی.

کاتیك کەلە فیرگە شیرو پەنیرمان وەردەگرت، دەمخستە باخەلە نە دراوەکەی لای چەپم بۆ خوشکە گچکەکەم. زۆرجار خۆم کە برسیم دەبوو حەزم لیبوو بیخۆم، بەلاّم چیرۆکەکەی داپیرەم دەهاتەوە یاد، کە هەموو جارێ دەیووت: رۆلە گیان ئیمە وەرزیر بووین کاتیك کە لەشکری عوسمانی هاتە سەرمان. سەرۆکی لەشکرەکە دەبووە میوانی هەباس ئاغاو حەسحەسەکانیش خۆیان دەکوتایە مالی ئیمەو مانا. نیوەرۆیەك سێ حەسحەس خۆیان کرد بەژووردا و لەسەر سفرەی دانیشتن، هیندەی چاوتروکانێ گسکیان لیدا. ئەوسا مامە شیرزادو پلە خاتوونت بەقوربانیان بم تازە بالاّیان وەك لاولاو هەلدەچوو، لەدەشت گەرابوونەوەو برسیان بوو، بەهەناسە برکێوە پرسیان دایە چمان هەیە بیخۆین، پەنیر یان کولیرە بەرۆن ؟ وەلاّمەکە هیندە سەخت بوو لە قورگمدا گیراو ئاوریکم لەسفرە پاك مالراوەکەی بەردەم حەسحەسەکان دایەوە. ئاوا بوو گیانی داپیرە. گوێ لە داپیرە رادیرە، هەموو رۆژێ لە مەکتەب نانەکە بخۆ بەشیرەوە تا برسیت نەبێ و پەنیرەکەش بینەرەوە لەگەلّ ئاوازی خوشکت بیخۆن.

ئای داپیرە یادت بەخیر، زۆر بیرت دەکەم، زۆرجار کەبرسیم دەبووو پرسیاری زۆرم لیدەکردی، دەتزانی چەند برسیمە چیرۆکیکت بۆ دەگیرامەوە تاکو لەتەنیشت زۆپاکەدا خەو بمباتەوە. خۆزگە زیندوو بای تاوەکو دەردی دلم بۆ بکردایە، چۆن ئاسۆری شانازی کچم بە سەرنجە تیژو پرسیارە بزیوەکانی ناخم دەکاتە کورەی ئاگر. ئەو رۆژە خۆمم بیرکەوتەوە، کاتیك منو خەجێ لەدەشت دەگەراینەوە، کورەکەی هەباس ئاغا بەترومبیلی لەشار دەگەراوەو رەنبەرەکەیان هاواری کرد سەلما خان دوکتۆر عەلی هاتەوە. دوکتۆر عەلی چی هیشتا ناوەندیشی تەواو نەکردبوو، ئای

نەبوونی. ئەو شەوە سەیری تیلەفزیۆنمان دەکرد، ژنی مام جەلالی چوو بووە سەردانی قوتابخانەی شۆرش. شاناز هەرکە چاوی بەمیزی ناو پۆلەکان کەوت، دەست بەجێ ووتی: "بابە بۆ قوتابخانەکەی ئیمە وەك ئەوەی وان میزی تیدا نی‌یە؟ ووتم گیانی بابە ئەوان لەگەرەکی شۆرشن. ووتی بۆچی شۆرش هەر هەولیر نی‌یە ؟ ووتم با هەولیرە، بەلاّم هەولیری داراکان. کەمیك راماو چاوی بریەوە تیلەفزیۆنەکە. لەگەلّ دیتنی جانتای قوتابی‌یەکان، پرسیاریکی تورە وەك بۆمبا لەقورگیا تەقی‌یەوە " بابە بابە ئەی بۆچ ئیمە وەك ئەوان جانتامان نی‌یە، من حەزم لەگونیە نی‌یە بیکەمە هشان، ئاخر شانم دادەبرێ ! وەلاّمەکە هیندە ئازاراوی بوو، دەتووت تۆپەلە درکەو لە قورگما گیراوە. خۆمم پیرا نەگیراو لەگەلّ دلۆپە فرمیسکدا ووشەکان پچر پچر دەردەپەرین؛ ئاخر کچم ئیمە نانمان نی‌یە بیخۆین، چۆن جانتای وەها گرانمان پیدەکرێ. "ئەی بابە خۆتۆش کار دەکەی بۆ پارەت نی‌یە، بۆ ئەوان پارەیان هەیە؟" ووتم لەبەر ئەوەی کە ئەوان کار ناکەن. "ووتی چۆن شتی وا دەبێ ؟ ووتم کە گەورە بووی تیدەگەی."ووتی تو سەری دایکم ئیستاکە پیم بلێ." ووتم ئاخر بابەگیان تۆ دەبێ دەرسەکانت بخوینی، هەستە درەنگە با بەیانی زوو رابیت. بە پیکەنینیکی پر توانجەوە ووتی" دەزانم هەموو جارێ وا خۆت لە وەلاّم دانەوەم دەدزیتەوە، با پشووی نیوەی سالّ ئەوسا گەر پیم نەلیی بۆ، هیندە دەگریم تاوەکو چاوم سوور هەلدەگەرێ." ووتم: جا چاوی خۆت دەخەیتە ئازار. کەمیك راماو ووتی" نا نا واناکەم ناخەوم تاوەکو بۆم باس نەکەیت.

ئەو شەوە لەتاو کۆلی خەمو پەژارەی دەروونی وشەکانی تاکو بەیانی تلامەوە. پرسیارو سەرنجەکانی خەمیکی‌تریان خستەسەر خەمی رۆژانەم. بەراووردی میزو جانتای منالە دەولەمەندان و دۆشەکلەی ژیرو گونیەی شانی منالاّنی ئیمەو مانا ورو کاسی کردم. پەیتا پەیتا هاوەلەکانم لییان دەپرسیم " چیتە فلاّنەکەس بۆ وا وورو کاسی خەیرە ؟

منیش لەوە زیاتر خۆمم پیرا نەدەگیراو بەرووباندا تەقیمەوە: خەیری چی و تەرەماشی چی، خەمی ژیان زیاتر چی هیە؟ خیرا خیرا عەبدوللای سەرکارگەریش دەینەراند" ئەوە چتانە قسەو باستان گەرم کردووە خۆ لە چایخانەی مچکۆ دانەنیشتوون، خیراکە ئاسۆ، کاتی چیرۆك گیرانەوە نییە!

لەگەڵ هەر مامر سەربرینیکدا مەرگی خۆزگەو بزەی سەر لیوی شانازو ریبازم دەهاتە پیش چاو. مەزجەرەو ئامیرەکانم لیبوو بوونە پۆڵو میزەکان، عەبدوللای چاودیرم لیبوو بووە مامۆستا پۆلیس ئاساکان و مامرەکانیشم لیبوو بوونە قوتابی. لەپر سەرە پەنجەکانم تیکەڵ بەسەرە مامرەکان بوون. بردمیان و دووریان خستمەوە. بەرچاوم لیڵ بوو، وینەی مامرەکان وون بوو لەبەر چاوم.

کاتیك کەگەرامەوە ماڵ نەم دەزانی چ بکەم، دەستی راستم خستە پشتمەوەو لەدەرگەم دا، وەك هەموو رۆژیٚ، شانازو ریباز لەپشت دایکیانەوە قوتبوونەوە. ریباز بە مینگە مینگیگ ووتی" بابە بیسکویتت بۆ هیناوم ؟ شاناز قسکەکەی لیوەرگرت و ووتی" ئەزانم جانتات بۆ کریووم، کەس باوکی منی نییە! وەك کەرو لاڵ دۆشدامام و نەم دەزانی هەوالی نان برانیان چۆن بدەمیٚ. ریباز توند دەستی راکیشام و لەشوینی خۆی ووشك بوو، ئیستاکەش هیشتا هاواری شاناز لەگویمدا دەزرینگیتەوە " نا. بابە نااااااا.

**پاشماوەی ترۆتسکی لە دوورخراوگە** **لینین** :

هیشتاکە خەلك لەم وولاتەدا پییان وایە کە کارگەران ناتوانن دەزگەی دەولەتی بەریوە بەرن. هەروەك بلیی بەریوەبردنی کاریکی سەخت بیت. مە دەزگەی ئیستە وەرناگرین و بنیاتیشی نانیین، بەلکو لەناوی دەبەین. ئەلتەرناتیڤەکەی هیندە ئاسان دەبیت کە بەریوەبردنی لەتوانی هەرکارگەریکدا دەبیت.

دریژەی هەیە

## مالـی جنـدۆکـان هەژین

خۆرەتاو وردە وردە بەرەو ناوەراستی ئاسمان دەکشاو کۆڵان کپو بیدەنگ. هیچ وەکو خۆی نەمابوو. دەرگە رەشەکە شتیکی نوێ بوو، سیمای کۆڵانەکەی گۆریبوو. هیچ شتیك وەك دوینی نەدەهاتە بەرچاوی جیرانەکان. هەمووان چاویان لەشیوەی نیشانەی پرسیار بریبووە دەرگەکەو چاوەریی دەرکەوتنی تازە جیرانان بوون. منالان کە چەند هاودەمو هاویارییان لەدەست دابوو، ماتو مەلوول لەبەرامبەر دەرگەکە کومەلەیان بەستبوو. ژنان لەبەر دەرگە چۆکیان دادابوو، دەتگووت کۆری ماتەمینی دەگیرن. هیشتاکە کەسیان لەگەڵ ئەم بارە نوێیە رانەهاتبوون، جارجار لە قسەکانیاندا چاوەروانی باجی جوانیان دەکرد. مەلا خدریش چاوەریی مام مەهدی بوو تاوەکو دەمە تەقێیەکی لەگەلدا بکاتن، ئاخر وی لەگەڵ کەسی کەدا نەدەگونجا. دەنگی " وەرە بۆ گورە بەرۆژەی برژاو، گورە بەرۆژەی گەرم "ی باهۆزو بۆتان لەگویی منالاندا دەزرینگایەوەو قشە خۆشەکانی شیلانی وەبیری کۆری کیژۆلە تازە هەلچووەکان دەهینایەوە، ئیدی کێ چیرۆکی چڵ کەرویشکانو بزنە زیرینەو شاری خۆشبەختییان بۆ بگیریتەوە.

جیرەی ترازانی دەرگەکە وەك زەنگی هەستانەوە، ژنو پیرو مندالی بەئاگا هیناو سەرسامی کردن. دەمو چاویکی ریشنی جەمەدانی بەسەرو دەرقاچ هەلکراو لەنیو رەشی دەرگەکەدا دەتگووت " سیمایخیوە لەشەوەزەنگا. بی ئەوەی ئاور لەکەس بداتەوە، خۆلریژە پر ناوکە خورماکەی کردە تەنەکە ژەنگنینەکەی بەر دەرگەو بە توندی دەرگەکەی بەرووی پرسیارە بێ ئارامەکانی جیرانان داخست. برواناکەم ئەمە خاوەن مالەکە بیت، ئەی ژنەکەی بۆ دەرناکەوێ ؟

ژنان دریژەیان بەدانیشتنەکەیان داو چاوەریی عەرەبانەکەی مام مەهدی مانەوە. منالانیش روبعە ئاسنینەکانیان توونە لەمست نابوو، چاوەریی کیكو گولە بەرۆژەکەی باهۆزو بۆتان بوون. لەپر دەرگە رەشەکە ترازایەوەو دوو کیژۆلەی میرد منال کە

عەبایەکی چکۆلەیان لێ ئاڵاندبوون و سەرپۆشێکی رەشی پان و پۆریان لەمل گریدابوون، بەپرتاو بەرەو سەرجادەکە هەلکشان دەتگووت لەدەستریژی پرسیاری منالەکان هەلدەهاتن.

باجی هەمین کە تا ئەوکات بیدەنگ لەدەرگەکە ور بوو بوو گوتی: من بروا ناکەم ئەوانە خاوەن مال بووبن، لەوە دەچێ میوانیان بن، وا خەریکە یەك یەك دەردەچن هۆرینی تاکسی لەسەری کۆڵانەوە، قسەکەی پیبری و سەرنجی راکیشان، لەگەڵ نزیك بونەوەی گرمەکەی وەڵامی پرسیارەکە روون دەبووەوە، لەگەڵ وەستانی تاکسی یە لەشوین عەرەبانەکەی مام مەهدی، دەرگەکە وەك هەورە بروسکە کرایەوە و داخرایەوە؛ ژنیکی لاوازی بەژن بەرز، بەو چلەی هاوینە وەك داوەلی نیو گەنم لەعەباو پیچەو دەستکیشی رەش پیچرابوو؛ بەچاوتروکانیك خۆی ترنجاندە دواوەی تاکسی یەکەو لەبەرچاوان وون بوو. هیندەیتر کۆلی پرسیارەکان قورستر بوو. باجی مەلەك بە خودای ئەمن لەو بەزم و رەزمەی سەر دەرناکەم. ئەم ماستەی بێ موو نییە، ئەگینا بۆ دەبێ خۆیان لەچاوی ئیمەو مانان بشارنەوە، خۆ مە درداری لەگەڵ ژنەکەی ناکەین، تاکو نامەحرەم بین؟!!

تا دەهات سیبەری منالان لەسەر زەوییەکە کورتتر دەبووەوە، لەبرسان هاواریان لێ هەستابوو، وردە وردە کۆڵان لە قولەقولی گەرمای نیوەرۆدا چۆڵ دەبوو. جارجارە منالیك سەری دەکیشایە کۆڵان، تا بزانی دەرگە رەشەکە کرایتەوە یان نا.

هاوراز هاواری لێ هەستا: دایە.. دایە" دەرگەکە کراوەو پیاوە ریشنەکە بەپەلە دەتگووت لۆ ئاودیرانی دەچی، لەماڵ دەرپەری." دایکی هەورازی کەپرشکی رۆنی داخ باسکی سووتاند بوو گووتی: چیان لێ بکەم، چاویان دەردەهات و ملیان دەشکا، بەخودای قەت جیگەی مالی باجی جوانەی ناگرنەوە.

ژنانی کۆڵان پیکرا کۆبوونەوەو بریاریان دا بچنە خیرهاتنی تازە جیران و پلە حەپسەیان کردە دەم راست و پەیامی کۆڵانیان پی بگەینێ. هەنگاو هەنگاو هەستیان

بەترس و نامۆیی دەکرد. باجی هەمین بەدەستە رەقەڵەکانی دەنگی لەدەرگە هەستان: ماڵەکە، جیران، ئیمە جیرانی ئەنگۆین، هاتووین بەخێرهاتنێ بکەین.

دەنگیکی نیر: چتان دەوێ، خیزانم لەماڵێ نی‌یە.

پاشەو پاش کشانەوەو ئارەقەی پەشیمانی بەسەر روومەتەکانیانەوە ساردبووەوە، بەجارێ زاریان بەگۆ نەدەهات، دەتگووت لە نەرە نەری کابرای ترساوون. منالان وا ورمابوون دەتووت سەیری فیلمی تیکسازی دەکەن.

مام عەولا دری بە بی دەنگی‌یە سەرسام کەرەکە داو گووتی: کەوابێ باشترە من و مەلا خەلیل برۆین، مادام هەر پیاوەکە لەماڵی‌یە. دووبارە زرمە لەدەرگە هەستاوەو دەنگیگی نەرم و ناسك بە هیواشی ووتی: کیی ؟

مەلا خەلیل: ئیمەین جیرانتانین، هاتووین، بەخیرهاتنتان لێ بکەین.

دەنگەکە: بەداخەوە، پیاوم لەماڵێ نی‌یە من زەعیفەیەکی بەتەنیام، بەخیرێ چن.

مام عەولا کە تا ئەوکات هەر دوودڵ بوو، بەئاوازیکی خۆشەوە هەلی دایێ: جیگەی شابازان قەلە رەشکە خوازان. هیی دونیا چەندە لاری.

منالان کە زانیان هیچیان چنگ نەکەوت و چاوەروان -یان بیسوود مایەوەو لەو دەرگە رەشەوە هاوەلیان بۆ پەیدا نابێ، لەبەر دەگەکە بازنەیان بەست و بەدەم سەماکردنەوە هەلیان دایێ، (( قارەمان )):

باهۆزو بۆتان هۆ    هاوەلی منالان هۆ
بۆ بارتان کرد هۆ    ئەنگۆمان خۆشدەوێ هۆ
بە دڵ و بە گیان هۆ

(( شارا )) :

ئەوا هاتەدەر هۆ    جیرانی ریشپان هۆ
دەلیی بزنە هۆ    لەنیوان مەران هۆ
ریشی زۆرباشە هۆ    بۆ گسکی کۆلان هۆ
هۆ هۆ هۆ هۆ ۆۆۆۆۆۆۆۆ

# ئەی ئابلۆقەی فەرهەنگی بۆچی ؟

ئەوە نزیکەی یازدە ساڵە بەدوای شەڕی کەنداودا، بەبیانووی لاوازکردنی ڕژێمێك کە خودی زلهێزەکان لەناوچەکەدا کردیانە فس فس پاڵەوان و هەر خۆشیان نەخشەی دوو شەڕی کارگەرو زەحمەتکێش کوژی ( عێراق-ئێران و عێراق- کوێت )یان بۆ کێشا، تاوەکو نەخشەو پلانە گڵاوەکانی دواتریان بسە پێنن، لەژێر نیوی ئابلۆقی ئابووریدا ئابلۆقەی هەمەلایەنەیان بەسەر کارگەرو زەحمەتکێشی عێراقدا سە پاندووە لەوانەش ئابلۆقەی فەرهەنگی.

بەم بۆنەوە بۆئەوەی زیاتر دوورایی و کارایی ئەو سیاسەتە گەندەڵەی سەرمایەدارانی جیهانیمان بۆ روون بیتەوە، گفتوگۆیەکمان لەتەك شاعیری لاو( هاوار پیرۆزی )دا سازداوە، بەو هیوایەی بواریك بیت بۆ قسەوباس سازدان لەم بارەوە.

**ژیلەمۆ**: داواتان لیدەکەین کەسەرەتا خۆتان بەخوینەران بناسینن ؟

**هاوار پیرۆزی** : داوای لیوردنتان لیدەکەم کەناتوانم داواکاریەکەتان بەجێ بگەیینم لەبەر باری ئاسایشیم و ئەو شوینەی کەتیدا دەژیم.

**ژیلەمۆ**: ئایا ئەدەب چ رۆڵ و کارایییەك لەسەر ژیان و باری رۆشنبیری کۆمەڵ دادەنیت؟

**هاوار پیرۆزی** : ئەوە ئاشکرایە کە ئەدەب چ گرنگییەکی پێدەدریت لەلایەن کۆرو کۆمەلە سیاسیەکانەوە، هەروەها چۆن ساڵانە چەندەها ملیۆن دۆلار تەرخان دەکریت بۆ بلاوکردنەوەو راگەیاندنی بیرو ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی. ئاشکرایە کە ئەدەب بە تەنیا ناتوانیت رۆڵی یەکلایی کەرەوە لەکیشمەکیشە کۆمەڵایەتییەکاندا بگیریت، بەلام دەتوانیت هۆکاریکی یارمەتی دەربیت. میژووی ئەدەبی جیهانی پرە لەنموونەی لەو جۆرە؛ هەر لەشیعرەکانی پوشکینەوە تا شیرکۆو لەتیف هەلمەت لای خۆمان کەچ رۆڵ و کارایییەکیان لەسەر هۆش و بیری خەلك داناوە، لەولاشەوە رۆلی چیرۆکەکانی گۆگۆل، گۆرگی، مایکۆفسکی لەئەدەبی کۆن و نوێی روسیدا فەرامۆش ناکرین.

**ژیلەمۆ**: بەرای تۆ هونەرو ئەدەبی کۆمۆنیستی ئەورۆ وەلامدەرەوەیە

بەخواستیدەروونی ئیستاکەی مرۆڤ ؟

**هاوار پیرۆزی**: گەر باس لەئیستا دەکریت پیموایە ئەدەبی کۆمۆنیستی زۆر لاوازە وەك چۆن لەلایەنەکانیتری کیشمەکیشەکاندا لاوازەو نەیتوانیوە وەلام بەزۆر پرسیاری ئیستای سەردەمی کۆمپیوتەرو مانگی دەستکرد بداتەوە. تۆ سەیری ئەدەبی (ئەدەبی بان دەست) کە چۆن هەر رۆژەو هەر ساتیك بەجۆریٚ شیوازی درۆو فروفیلٚ لە ئەدیبەکانو قوتابخانە ئەدەبیەکاندا دەگۆرن، میشکی ملیۆنەها مرۆڤ ژەهراوی دەکەنو وایان رادینن، کە سوودیکی زۆر بۆ بۆرژواکان کەلەکە کەنو سوپاس گوزاربن. سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنو رادیۆکان کە چۆن وەك کوندەپەپوی شووم ئاوازی مەرگ لەگویٚو خەیالی خەلکیدا لیدەدەن و نیوی دەنین شەری "مقدس". ئەگەر بەلەبەر چاوگرتنی ئەمانە چاویك بە ئەدەبی کۆمۆنیستیدا بگیرین بۆمان دەردەکەویت کە چەندە لاوازین چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لەئاستی جیهانیدا.

**ژیلەمۆ**: دەتوانن ئەو گرفتانە بخەنەروو کە ریگری گەشەو پەرەسەندنی هونەرو ئەدەبی کۆمۆنیستین ؟

**هاوار پیرۆزی**: پیم وایە ئەم پرسیارە ئاوا گشتییە، چونکە ریگرو گرفتەکان لەشوینیکەوە بۆ شوینیکیتر جیاوازن، هەرچەندە یەك سەرچاوەیان هەیە. بۆ نموونە لای ئیمە ئابلۆقەی چەندجارەی فەرهەنگیمان لەسەرە هەر لەئابلۆقەی زلهیزەکانەوە تاوەکو سانسووری رژیمە هارەکەی بەعسو پارتە کوردییەکان. لە تورکیە جۆریکیترەو لەلای ئیوەش لەوانەیە وا نەبیت، بەلام بەشیوەیەکی گشتی دەلیم ئەدەبی زالی روسیەی بەناو سۆڤیەتی جاران گەورەترین کۆسپی بەردەم گەشەکردنی ئەدەب بووە. بەرای من دەبیت لە ئاستی جیهانیدا هەولبدریت بنەماکانی ئەم ئەدەبە تیك بشکینریتو ملامانییەکی ماندوو نەناسانەی لەتەکدا بکریت. کۆسپی دووەم: بەرای من نەبوونی دەزگەییك یان ناوەندیکی جیهانییە کە بتوانیت هەموو ئەدیبو هونەرمەندانی کۆمۆنیست لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو ریکیان بخات، بتوانیت

ئۆرگانیکی مانگانەی هەبێت. بەنسبەت لای خۆمان، سەرەرای ئەو دوو هۆیەی لای سەرەوە کە باسم کردن، چەند هۆیەکیتریش کارایییان لەسەر رەوتی گەشەکردنی ئەدەبەکەمان هەیە، لەوانە: دابرانی خوینەرو ئەدیبەکان لە دونیای دەرەوە بەهۆی گەمارۆی هەمەلایەنەوە لەسەر عیراق، توانایی ئابووری ئەدیب و خوینەر، سانسوورو بەرتەسکی رادەی چاپ و بڵاوکردنەوە هتد.

**ژیلەمۆ**: بەرای ئیوە چۆن دەتوانریت زالبین بەسەر ریگرەکاندا ؟

**هاوار پیرۆزی**: بەرای من ئەمە تەنیا بە کەسیك و تەنانەت چەند کەسیش ناکریت. پیش هەمووشتیك، ئەمە پەیوەندی بە گشتیتی ملاملانیی چینەکەوە هەیە، چ لەروو سیاسیەوە چ لەرووی ریکخستن و بیرو ئایدیۆلۆژیا و ئابوورییەوە. بەرای من وەك هەنگاوی یەکەم پیویستە بانگەوازی هەموو هونەرمەندان و ئەدیبان بکریت بۆ پیکهینانی کانوونیکی ئەدەبی جیهانی و دانەدەرەوەی ئۆرگانیکی ئەدەبی کەبتوانیت بنەماکانی ئیستاتیکی ئەدەبی نوی دابریژیت.

**ژیلەمۆ**: زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو کاتەی کە لەم بارودۆخە بێ نانییەدا بە خوینەرانی ژیلەمۆتان بەخشی، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**هاوار پیرۆزی**: منیش سوپاسی ئیوە دەکەم، ببوورن کە نەمتزانی وەڵامی گشت پرسیارەکانتان بدەمەوە، لەبەر ئەو بارودۆخە سەرکووتگەرانەیەی کە تییداین. بەهیوای رۆژی کە بیترس لەپەتی سیدارە وەڵامی پرسیارەکانی تریش بدەمەوە، زۆر سوپاس.

# الى فنانى عام ٢٠٠٠

ناظم حكمت

ترجمة : فاضل لقمان

أناديك أنت
أيها الشاعر يا من ستصدح
بأشعارك عبر مكبرات الصوت
في الساحات القائمة
" اوابد مستقبلية" للشرق
بعد ٧٧ عاما !
أناديك أنت
أيها المخرج يا من ستضع التفاؤل على خشبة المسرح
تفاؤل الجماعية عبر الممثلين الذين لم تر وجوههم الماكياج !
أناديك أنت أيها الملحن يا مهندس القرن الواحد والعشرين،
فأنا
قد كتبت هذا الشعر في عام ١٩٢٣
لكم أنتم،
لاشك أنكم
توافقون لمعرفة طريقة عمل
شعراء البروليتاريا
ممن سبقوكم
٧٧ عاما
ففي تلك الأزمنة
كان مسمار أمان القدر الذي تغلي فيه الطبقات
معطلا

كانت إبرة ساعة الضبط
تدور بسرعة حول محورها.
نحن في الخلف وهم في المقدمة
نحن في المقدمة وهم في الخلف
كان الفاشيون يلاحقون الشيوعيين
والشيوعيون يلاحقون الفاشيين ،
الحكم المطلق
الليبرالية
الشيوعية
نسبح في بحورها بالمئات
نحن شعراء البروليتاريا
فراشي طرش الكلس بأيدينا
والأواني الكبيرة أمامنا
ونكتب الملاحم للمقاهي العمالية
والشعارات للرايات الحمراء
والاعلانات على الجدران المعامل.
كنا الأصوات الصحيحة المعافاة والتي لم تر الملاريا
لطبقتنا التي قدمت لكم مجتمعا
خلا من الاستثمار
مجتمعا دون برجوازية ، دون تسلط
وظلنا
كذالك
على الدوام. ١٩٢٣

# فیرت کردم

سەربەست ن.ع. قەرەداغی ١٢/٩/١٩٨٣

ئەی برواکەم
فیرت کردم
تیشکی بەیان بچنمەوە
تا لەشەوا
بەشەپۆلی خەمەکانما نەپەڕمەوە
تۆ لەبیرکەم
لە ڕێبازت دوورکەومەوە
ئەی برواکەم
فیرت کردم
کە بزانم
بۆچی کۆشکی مشەخۆران
پڕ ئامێر و هێندە بەرزن
بۆ چی ئەوەی بەرهەم دێنێ
سکی برسیە و کۆیلەیە

## بۆچی خەلکی بێ بەرهەمیش

ورگ زل و گەورەی ئەرزن

ئەی برواکەم

لەروانگەی بیری منا

ئەوی کە دۆستی تۆ نەبی

دژ بە مرۆڤایەتیە

دەتپەرستم بیئەوەی کە

بەیادما بیت

پاداشت چیە

ئەی برواکەم

ئەوە سەرم ئەوە گیانم

دەزوولەکانی نیو لەشم

پیشکەشت بیت

دەریان بینە

بستە زەمینیکی کیلگەی

باخی هیوای هەژارانی

پی بچینە

# ئاسۆی روناك

هۆنراوەی : ئەحمەدی شاملو

و. : بەکەمی دەستکاریەوە: سەربەست ن. ع. قەرەداغی

رۆژێک دێ کە ئیمە دووبارە کۆترەکانمان دەدۆزینەوە
میهرەبانی دەستی جوانی دەگری
رۆژێک کە کەمترین سروود ماچە
هەرکەسی
بۆ کەسیکیتر
برایەکە
رۆژێک کە ئیتر خەلکی دەرگای مالەکانیان داناخەن
قوفل ئەفسانەیە
دل
بۆ ژیان بەسە
رۆژێک کە مانای هەر قسەیەک خۆشەویستیە
تا تۆ بەدوای دواووشەی کۆتایی گفتۆگۆدا نەگەریی
رۆژێک کە ئاوازی هەر ووشەیەک ژیانە
تا من ئازار نەچیژم بۆ کیشو سەوای دوایین هۆنراوەم
رۆژێک کە هەر لیویک گۆرانیەکە
بۆئەوەی کەمترین سروود ماچ بیت
رۆژێک کە تۆ بیی بۆ هەمیشە بیت و
میهرەبانی و جوانی یەکسان بن
رۆژێک کە دووبارە گەنم بریژین بۆ کۆترەکانمان
من چاوەروانی ئەو رۆژە دەبم
تەنانەت رۆژێک
کە ئیتر
نەشبم

## بەستەیەك بۆ گولیکی کەم تەمەن

سەربەست ن. ع. قەرەداغی

١٩٨٩ سەقز

هەردوو چاوە گەشەکانت
تاقە لانکی دوو چاوی بێ لانکم بوون
بۆ بینینی
هەردوو لەپی دەستەکانت
دوا ئارامگە و دوا ئارەزووی قامکم بوون
بۆ گوشینی
هۆ هاوری بچکۆلەکەم
گەر چی شەش سالە نەمدیویت
کەچی ئیستاش
کە هەر ساتی
تۆی ئازیزم بەیادادی
دلە نامۆو جەنجالەکەم
چەشنی دلە نەخۆشەکەت
بەکول دیشیت
دەنگە ناسکە پر سۆزەکەت
وەک ئەو کاتەی
دەتگووت :- کاکە
دیتە گویم و
وەک سیبەر بە دواما دیت
بەقەد بەرزی کیوی سەفین

خۆشمەویستی
وینەی سەفینی سەنگەرم
دەمپەرستی
چۆن دلت هات کە کۆچ بکەیت
خۆت دەزانی من نامۆم و
بە نامۆیی دەتلیمەوە
دەستم ناگاتە دەستی تۆ و
هیچ ئازیزیک
وەک و مۆمیک دەسوتیم و دەتویمەوە
تۆ کە هیشتا
خونچەیەک بوویت
نەپشکووتو
بۆچی سیس بوویت
بۆ لەناو چویت
بای خەزان بۆ
وا لیی دای زوو ؟
تۆ کە هیشتا
نەمامیکی بچکۆلە بوویت
بی لق و چل و بی گەلآ
رەگ و ریشەت
بۆچی دەرهات
بە لافاوی شوم و بەلآ

هەر ئەو کاتەی کە هەواڵی کۆچی تۆم بیست
سەفینەکەی شادی منیش
نوقمی قووڵایی دەریا بوو
شادمانی
کامەرانی
ئەوەی هەم بوو
لەدەستم چوو
ئازیزەکەم
ئومێدەکەی بەختەوەریم
هەتوانەکەی برینەکەم
گەرچی دەڵێن کە نەماوی
بەڵام لای من بەرزی کەژیت
تاکو مابم
تاکو لوتکەی سەفین مابێ
لەنێو دڵی مندا دەژیت.

# بلندگۆی رۆحی ئیمەو ، سی دەنگ

عەبدوللاّ موحەمەد

( ١ )

بەم بەهارەو ..
له نیوەرۆی ئەم رۆژەدا
سەر هەلبرن ، تەماشاکەن :
پۆلە دالیکی روخسار رەش
بەری هەتاویان گرتووە
بالۆرە کۆنەکەی ( گیرا أبابیلە)
دەچوونەوە
وا هاتوون ، چرۆی دارەکان
بەرد باران کەن
زەماوەندیکی گیانەلاّ
بۆ درەختەکان ، بەرپاکەن.

- - - -

( ٢ )

ئەو ریش پانانە ( زەروو )ن و
لەگەل نۆش کردنی قومی
ئاوی سازگاری کانیدا
ئامدیومان بوون
خۆیان بە لیواری گەرووی
زۆربەماندا ، هەلواسیوە

تا دلۆپی خوینی گەشی
جەستەمان کەم نەبۆتەوە
زووکەن
دەرمانی بۆ مەرگیان
دەستنیشان کەین.
_ _ _ _

( ٣ )

هۆ خەلکینە ، تا ئەتوانن
خۆتان لەسیبەری ریش و
عەمامەی سوور ،
بپاریزن
نەبادە ( ئەسپی ) ی دابەستەی
ژیر ئەو تالە ریشانەتان
بۆ دەرپەری
دەنا ( تاعوونیکی تازە ) ،
بۆ منالآن
بەریوەیە .

# خەمی ئێوە و دڵی من

هەژێن

هۆ منداڵانی بەساڵاچوو
لەپەراوی بیرەوەریتانا
چەند سەدە مەینەتی
تۆمار کراوە
زگی دەرپەریوتان
پڕ لە خەمەو
بڕبڕەی پشتان
پەیژەی سەروەری خواکان
هۆ منداڵانی پەژارە تەسەل و
برسی لە ژیان
سیمای قوپاو و
پێستی بڕژاوتان
جوانی سیستەمە
تابلۆی ئەمڕۆی ئینسان
هۆ منداڵانی برسی لەژیان
سیماتان تابلۆو
یادەواریتان
مێژووی شەرخوازی خواکان
ئەزانم
ئەزانم هێندەی حەزتان
قینتان هەیە

هیندەی ژمارەی مردووان
نەفرەتان هەیە
هیندەی ئارەزووی ژیان
بیری شۆڕشتان هەیە
هۆ خونچە پەژموردەکان
بورکانی قینم هۆگری
دەستی گرمۆڵەی ئێوەیە
ئەسپە شیی ژیان ڕێ ئەکاو
چاوەڕیی سوارچاکی ئێوەیە !

## خەمی ئێوە و دلی من

هۆ منالآنی بەسالآچوو
لەپەراوی بیرەوەریتانا
چەند سەدە مەینەتی
تۆمار کراوە
زگی دەرپەریوتان
پر لە خەمەو
بربرەی پشتان
پەیژەی سەروەری خواکان
هۆ مندالآنی پەژارە تەسەل و

برسی لە ژیان
سیمای قوپاو و
پیستی برژاوتان
جوانی سیستەمەء
تابلۆی ئەمرۆی ئینسان
هۆ منالآنی برسی لەژیان
پلو پلو
مەرگ دەبارێو
ژیان بەئاستەم ری ئەکا
خواش لەمەیخانەی بیباکیدا
پیک لەدوای پیک
مەی نۆش ئەکا
پلو پلو
دەبارێو
بەفر بالآی
هیمن و چنار
کفن ئەکا
خودا مەستەو
سەروەری کریوە ئەکا

یانیوەری ١٩٩٣
هەژیــن

# بیرتۆلد بریخت

《 ژنیڤیف سیرو 》 Genevieve Serreau

و. لەفارسی‌یەوە : هەژین

" ئەم بابەتە کورتکراوەی کۆمەلە بابەتیکی ( نووسەرانی گەورەی شانۆ)یە کە لەلایەن ناوەندی بلاوکردنەوەی (( L Arche)) لەپاریس بلاوکراوەتەوە. ئەم پەرتووکە بۆ یەکەمین جار لە سالی ١٩٥٤ دا بلاو کرایەوە. لەپیشەکی‌یەکدا کە ژینیڤیڤ سیرو سالی ١٩٦٠ بۆ پەرتووکەکەی نووسیوە، ئاوا هاتووە : دوای دەرهینانەکانی تیپی بیرلینەر ئینزیمبل (Berliner Ensemble) سالکانی ٥٤، ٥٥، ١٩٥٧ لەپاریس. فەرەنسە زۆر درەنگ پەی بەیەکیك لە گەورەترین نووسەرانی شانۆی سەردەمی خۆی کە بیرتۆلد بریختە، برد. شانۆیی‌یەکانی بریخت ئیستاکە لەتەواوی دونیادا دەردەهینرین، هەرئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کە نەك تەنیا پەیرەوان و قوتابیانی گویرایەل بەلکو هەر بەم جۆرەش دوژمن‌و رەخنەگرانی بێ بەندوبار پەیدا بکات. ژینیڤیڤ سیرو و ژان ماری (Jean-Marie ) یەکەمین کەسانیك بوون کە بریختیان ناساند. ئەم لیکۆلینەوەیە کە لەسالی ١٩٥٤دا نووسراوە هەولی ناساندن و تویژینەوەی سەرهەلدان و گەیشتنە لوتکەی بەرهەمەکانی بریخت، شیکردنەوەو لیکۆلینەوەی چەمکی هونەری و جوانی ناسی بەرهەمەکانی، ناساندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەری نوێ، کە هیشتا بەتەواوی نەناسراون دەدات.}

کورتەیەك لە ژیانی بیرتۆلد بریخت:

من، بیرتۆلد بریخت،
لەجەنگەلە رەشەکانەوە دیم
دایکم، کاتیك کە من لە زگیا بووم،
هاتە شار: سەرمای جەنگەلە رەشەکان
تا سەرەمەرگم تیمدا دەمینێ

بیرتۆلد بریخت سالی ١٨٩٨ لە ئاوگزبورگ (Aigsburg) لەدایکیکی خەلکی جەنگەلە رەشەکان و باوکیکی باوەریایی هاتە دونیاوە. باوکی خاوەنی کارخانەی کاغەز دروستکردن و، سەرمایەداریکی پرۆتستان بوو. وی فیرکردنو پەروەردەکردنیکی دروست و تەواوی بە کورەکەیدا. ناردیە فیرگەی سەرەتاییو، دواتر ئامادەیی تا دیپلۆمی وەرگرتو لە تەمەنی هەژدە سالیدا چووە زانکۆی مونیخ تاوەکو لەبواری پزیشکی بخوینێ. لەسالی ١٩١٨داین. دوو سال دواتر بریخت وەك برینپیچ لە نەخۆشخانەی پشت بەرەی جەنگ خرایە خزمەت سەربازی. یەکەمین گۆرانییەکانی یاخیبوونی وی بۆ بریندارەکانی شەر بوون. کەخۆی بە گیتار دەیووتن..

پاش شەر گەرایەوە مونیخ، شوینیك کە هاوەلەکانی: بیشەر(Becher)ی هۆنەر، کاسپیر نیهەر(Casper Neher) ی نیگارکیش و کەسانیتر تیدا ناسی. یەکەمین هۆنراوەی لەوانە ( ئەفسانەی سەربازی مردوو) کە هاتوهاواریکی لەمەیخانەی شاری مونیخ دا بەریخست لەم شارەدا هۆنییەوە. لەبیست سالیدا یەکەمین شانۆیی (Baal)ی نووسی. سالی ١٩٢٢ بۆ شانۆیی (تەپلەکان لەدلی شەودا) کە سێیەمین شانۆیی وی بوو خەلاتی کلایست (Kleist) ی وەرگرت. دووسالّ دواتر، شانۆیی " ژیانی ئیدواردی دووەم " کەبەسوود وەرگرتن لە نووسراوەی مارلۆ لە کامیرشپیل (Kammmerspiel)ی مونیخ هینایە سەر شانۆ. ئەم شانۆییە یەکەمین دەرهینانی وییە. دوایئەوە مونیخ ی بەجیهیشتو لەبیرلین نیشتەجێ بوو. لەم سەردەمەدا بوو کە ریبازو شیوە کاری ئانارشیو کلبی(١) ( Cynique) ی کە جوولانەوەی باوی پاش جەنگ بوون وازلیهینانو رووی لە مارکسیزم نا.

"مرۆڤ مرۆڤە"ی نووسی. "Baal" ی هینایە سەر شانۆو لەگەلّ راینهارد ( Reinhardt )و پیسکاتور هاوکاری کرد. تاوەکوو سالی ١٩٣٣ – ئەوسالەی کە بریاری کۆچکردنی تیدا دا– چواردە شانۆیی نووسی کە زۆربەیان خۆی لە شانۆ جیاوازەکانی ئالماندا دەریهینان. چەند دانەیەکیان لە ئالماندا دەنگدانەوەیەکی فرەیان

پەیدا کرد ؛ لەبەرئەوەی ناوی لەنیو لیستە رەشەکەی نازی‌یەکاندا بوو، ناچار هەلهات‌و پەنای بردە سویسرا، پاشان چووە پاریس، کۆپنهاگن، سوید، لەندەن‌و، فینلاند. سالی ١٩٣٧ لە پاریس" چەند دیمەنی لە ژیانی نازی‌یەکان" و" تفەنگەکانی داپیرە کارر"ی بە زمانی ئالمانی بردەسەر شانۆ. سالی ١٩٤١دوای مانەوەیەکی کورت لە مۆسکۆ چووە ئامریکاو لە هەریمی کالیفۆرنیا نیشتەجێ بووو، زۆریك لە رۆشنبیرە ئالمانی‌یەکانی لەویندەرێ دیتنەوە. هیندیکیان رەگەزنامەی ئامریکایی‌یان وەرگرتبوو بەشیوەیەکی یەکجارەکی لەویندەرێ نیشتەجێ بوو بوون. بریخت بە هەلەداوان حەوت سالی بردەسەر تا بگەریتەوە ئالمان. لەم کاتەدا وی سالانە نزیکەی دوو شانۆیی دەنووسی. شانۆیی‌یەکانی کەمتر لەسەر شانۆ پیشەیی‌یەگان دەنویندران‌و زۆر سەرکەوتوو نەبوون. تەنانەت شانۆیی " ژیانی گالیلە " کە لەلایەن چالز لاڤتۆن ەوە سوودی لیوەرگیرابوو و رۆلی تیدا بینی بوو. تەنیا بە هەولوکۆششی ئیریك بینتلی (Eric Bentley) کە چەندین شانۆیی وی وەرگیرابوون‌و لە شانۆی زانکۆکاندا دەریهینابوون، بریخت هۆگرانی لەنیو رۆشنفکرە لاوەکانی ئامریکادا بەدەس دینیت. سالی ١٩٤٧ لە واشنتۆن لەلایەن کۆمیتەی "چالاکی‌یە دژە ئەمریکی‌یەکان "ەوە لیپرسینەوەی لەگەلّدا دەکریت. لە دیسەمبەری هەمان سالدا ئامریکا بەجیدیلێ‌و چەند مانگ لەچاوەروانی بەدەستهینانی مۆلەتی چوونەوە ئالمان لەلایەن هیزە داگیرکەرە رۆژئاوایی‌یەکانەوە لە زوریخ بەسەر دەبات. دواتر لەریگەی پراگەوە دەچیتە بیرلین‌و لەبیرلینی رۆژهەلاتی نیشتەجێ دەبیت، جێیەك کە لەسالی ١٩٤٩دا بە هاورایی هاوسەرە ئەکتەرەکەی هیلینە ڤایگل ( Helene Weigel ) تیپی‌شانۆی بیرلینەر ئینزیمبل دادەمەزرینن.

تیپەکە سەرەتا لە شانۆی ئالمانی (DeutschesTeater) دادەمەزرین‌و دواتر سالی ١٩٥٤ لە (Schiffbauerdamm)نیشتەجێ‌دەبن.

بریخت خۆی شانۆیی‌یەکانی دەباتە سەر شانۆ " داپیرە دلاوەر " ، " پونتیلا "

(Puntila) ، " دایـك " ١٩٤٩، " لوكولـوس " (Lucullus) ١٩٥١، " تفەنگـەكانی داپـیرە كـارر " ١٩٥٢، " بازنـەی گـەچینی قـەفقازی " ١٩٥٤. لەگـەڵ كۆمـەڵیكی هەڵبژێردراو لە كەسایەتی‌یە هونەری (فنی) و، موزیك زان‌و، دیكۆرسازان، وی هەوڵی پـەروەردەكردنی ئەكتـەران‌و دەرهێنـەرانی لاوی دەدا كـە نواندنـی هێندێـك لـە شانۆیی‌یەكانی بەوان دەسپارد. ناوبانگ دەركردنی بریخت لە ئالمـان‌و سەرتاسـەری دونیـادا پـەرەی دەسـەند. لـەتاو فرەكـاری، بریـاری پشـوودان‌و وازهێنـان لـەبریك لـە كارەكانی لەوانە دەرهێنانی شانۆیی دەدا؛ تاوەكو بتوانیت كـاتی خـۆی بـۆ نووسـین تـەرخان بكات. دەهـەمی مانگی ئۆگوستی ١٩٥٦ بۆ دوایینجـار لەگـەڵ تیپی بیرلینـەر ئیـنزیمبڵ پرۆڤـەی " ژیـانی گالیلـە " دەكـەن. چـەند رۆژ دواتـر، لەشـەوی چواردەهەمی ئۆگوستی ١٩٥٦دا بریخت گیانی لەدەست دەدات.

جیهانیك شیاوی ئالوگۆڕ و هەڵگیرانەوە دروست كەین
"یەكێ لەخۆشی‌یەكانی سەردەمی مە هەموو شتێ تێگەیشتنە
بەجۆرێ كە مۆڵەتی بەشداری كردنمان پێدەدا. "

چەندیـن سـاڵ لەمـەوپێش، شۆرشـی گواتیمـالا بووەهـۆی بڵاوبوونـەوەی وێنـەك لەپاریس مارچ (Paris Martch) كە یـەكێك لەسـەرنج راكێشـترین بەڵگەنامـەكانی ئـەم رووداوە سەرسوور هێنەرە سیاسی‌یە بوو. ئەم بەڵگەنامەیە گەواهیدانیكی بێ وێنەیە لەسـەر دونیـای مـە. ئایـا ئـەم وێنەیـە ئـەنجامی بیتوانایی‌یـەكی ریكەوتانەیـە یـان شارەزایی دۆزەخێنـی وێنـەگریك ؟ هیچ گەرم‌وگوری‌یەك لـەم وێـەدا نی‌یـە: لـەپێش دیواریكی بلند ریزیك شۆرشگێر گولله بارانكراو لـەو ساتەدا كە بەلادا دەكەون لە وێنەكەدا سەربازیك دوا گولله بە گوللەباران كراویكەوە كە هیشتاكە بەرگری دەكات، دەنێـت. لەپێشـەوەی ئـەم دیمەنـەدا كەسـانی فـەنی خـەریكی كـاركردنن یـان بـەبێ دەربایسـی ( كاریـان تـەواو بـووە) : سـەربازان، بریـن پێچیكـی خـاچی سـوور، وێنەگریك‌و، لەپێشیانەوە كەشیشیك كە زۆر پەلەیەتی و سەرنجی لەسەر پەرتووكی

ویرد خویندنەکەیەتی ( بیگومان لەشوینیتر بۆ ئەم کارانە چاوەریی دەکەن ) لەسەر دیوارەکە شەپۆلیکی پر پیکدادادان لەسەری نەناسراوو بیئارام سەرنجدەرانە سەرتاسەری دیوارەکەیان داپۆشیوە؛ بینەران و بەجیماوان.

ئەم وینەیە بۆخۆی خەماوی (Tragique ) نی‌یە. وینەیەکی بی پەردەیەو پیویستی بە دەربرن نی‌یە. ئەم وینەیە ئەوکات خەماوی‌یە (Tragique ) کە منی – هاوچەرخ – سەیری دەکەم. کاتیك کەپەیوەندی من‌و وینەکە سەرهەلدەدات. کاتیك کە دەستبەجیّ و بەهیزی تەکاندەرانەی سادەیی‌و روونی، لە من دا هیزی کەسیتی داوەری‌و دیاریکردن‌و دەربرینی ئازاد ئەندیشانەو بیّ دردۆنگی سەرهەلدەدات.

ئانا فییرلینگ ( Anna Fierling) ی بریخت، قاوەچی سوپایی‌یەکانی " داپیرە دلاوەر و رۆلەکانی " و گشت ئەو کەسانەی کە وی‌یان دەورەداوە سات بە سات فرەترو فرەتر لە گیژەلۆکەی شەری گەوجانەی سی سالەدا رۆدەچن؛ ئەوانیش پالەوانانی پەژارە گرتوو ( Tragique) نین. وانە لە ناکۆکی‌یەك کە لەناخیاندایە ئاگادا نین؛ بەلکو لەگەلی‌دا دەژین. ئەمە کاری منی – بینەر–ە کە ئەم ناکۆکی‌یە لەواندا بدۆزمەوەو لە ئازادی‌و سەربەستی‌و بیّ بەندومەرجی خۆدا لەبەرامبەر وان، پەی بەواقیعیەتی رەنجەرۆیی‌و پەژارەیی (Tragique) ناخی وان ببەم.

بەراوردی لەرادەبەدەری نیوان وینەیەکی مردوو کە تایبەتمەندی پەیوەندبوونی بۆ ریکەوت دەگەریتەوە لەگەلّ نواندنیکی زیندوو کە ریکخراوە – کە کاریکی هونەری‌یە – راست نی‌یە. کاریك کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی لە داهینانی شانۆیی‌یەکەوە بگرە تا داهینانی نواندنانەی خۆی پابەند ئەوە دەبینیت کە بینەران لەبەرامبەر کاریکی شانۆیی لە ریوشوینیکی ئازادانەو سەربەستدا – کە لیوەی دواین – دابنیت. لەبەشەکانی دواتری روودانی ئەم ئالوگۆرەی هیزی داهینانەو، چۆنیەتی کارکردی لایەنی هونەری کە دواتر لەلایەن خودی بریختەوە داریژرا دەتویژینەوە. بەلاّم ئیستاکە ئەم تەقینەوە بەرچاوو ئاشکرایەی وینەی رووداوەکانی گواتیمالا و هەروەها

دەرهێنـانی "داپـیرە دلاوەر" لەلایـەن تیپـی "بیرلینـەر ئیـنزیمبڵ "، لـە بـیربێت کـە لەبەرامبەریدا بینەران بەرەو داوەری سەربەستانەو بێ بەندومەرج رێنوێنی هاندراون.

لەکاتی دەرهێنانی " داپیرە دلاوەر "دا زۆربەی رەخنەگرانی فەرەنسی، لەگەڵ ئەوەی کە سەبارەت بە داهێنـانی نوێ لـەدونیای شانۆدا رانـەهاتبوون بـوون، نـەیان توانـی لـە بـەکارهێنانی شێوە باوەکـانی لیکۆلەرانـەی رەخنـەو رەخنـەگری واوەتـر بـرۆن. دەبێـت بەجۆرێکی بنەرەتی‌تر بۆ مەسەلەکە بروانرێت، بەو جۆرەی کە رۆڵاند بارتس (Rolan Barthes ) لە ووتارێکدا بەناوی " شانۆی بنچینەیی"لەفرانس ئۆبزێرڤاتۆیر -France observateur)ی ٨ی ژوئیـەی ١٩٥٤دا بـەروونی پەنجەی بۆ راکێشاوە : "دوو لایـەنی (تقدیر)و چارەنووس لـەم شـانۆییەداو، سەربەسـتی بینـەر لایـەنی شۆرشـگێرانە بـە شانۆی بریخت دەدەن."

وا دەردەکویـت کـە تەنانـەت لـە رۆژهـەلاتیش ( مەبـەس لـە ئالمـانی رۆژهــەلاتی پێشــووە.م) رەخنــەگرانی ئالمــانی – لەبــەر هــەندێ هــۆ کــە رۆشــنن – لەبەرامبــەر بەرهەمـەکانی بریخـت دا هەسـت بـە جـۆرێ نائاسـوودەیی دەکـەن. لەبـەر ئــەوەی وان بینـەرانی ئەورۆکـەی ئالمان بەچاکی ناز دەکەن ؛ خـەلکانێك کە سالانێکی دووروودرێـژ ریــرەوی ریــزە ســەربازی‌و پشــکنینە ســوپایی‌و خــۆ دەرخســتنە ســـەربازیی‌کانی هیتلەری سوکایەتی پیکردوون؛ کەسانێك کە تـەنیا سـەودای سـەرگەرمی‌و هەلهاتن لە واقیعیـەت بوون، لەبەرئـەوە هۆگرییـان بـۆ ئـازادی لاواز بـووە. ئالمـانی کـۆلان و بـازار بوونەوەرێکی سەرلێشێواو، خۆ وونکردوو، پارچە پارچە بوونـی بیرەوەرییـەکانی، کە هێندێکیان جێی شانازین‌و هێندێکیان جێی شـەرمەزاری. وی ناخۆشـی‌یەکی دیتـووەو هێشـتاکە بەباشـی نـازانیت کـە چـۆن بەسـەری هـاتووە، بۆیـە وی دەچێتـە شـانۆ کـە تێبگات؛ یـان راستر بلێین، تـاوەکوو پێـی بلێن کە چۆن بیر لە بەسـەرهات‌و رازەکـانی بکاتـەوە، بەسـەرهاتی دوێنیی‌و رازی سبەینیی. وی ناڕواتـە شـانۆ تـاکو سەربەسـتانە گیان‌و دەروونی ئەندیشەی رەخنەگرانەی سەبارەت بەم بەسەرهات‌و رازانە

پەروەردەکات. رەخنەگریك لە (Taegliche Rundschau) دا نووسی : ( لە روانگەی ریالیزمی شۆرشگیرانەوە، بەرهەمەکانی بریخت کەمیك نزم دینە پیشچاو. نزمی لەویوە دەست پیدەکات کە پی لەسەر دۆشدامانو بیتوانایی مروڤ لەبەرامبەر میژووی دادەگیریت. لەبەرئەوەی، لە شانۆیی "داپیرە دلاوەر"دا، بریخت لەنیشاندانی جەنگ بەهەموو سەرئەنجامە ترسینەرە کانی‌یەوە سەرکەوتوو دەبیت ، بەلام ئەو کەسانەی کە سووتەمەنی شەرەکەن بیجگە لە کاردانەوەی سروشتیو خۆبەخۆ، کاردانەوەیەکی تریان نی‌یە. هیچکات لەرووی بنۆسو بەلگەوە بە کاریك هەلناستن تاوەکو کاردانەوەیان لایەنی پۆزیتیڤ بەخۆە بگریت.)

هەروەها لە (Neue Zeitung)دا ئەمە هاتووە کە : " بریخت تەنیا بەدبینانە بینەری کارەساتو نەهامەتی‌یەکانی جەنگە و، هانمان دەدات بۆی بروانین. ڤۆلف (Wolff)ی رەخنەگریش لەگفتو گۆیەکی ئاوەلادا لەگەل بریخت ئەفسوسی دەربری کە "داپیرە دلاوەر" تا کۆتایی شانۆیی‌یەکە هیچ جۆرە گۆرانی بەسەردا نایيت. وی دەیویست داپیرە دلاوەر لەئەنجامی ئەو سەختی‌یا –نەی کە تووشی بووبوون، هوشیارو وریا بوایەتەوە، پەی بە توانایی جیاکردنەوەی کۆتایی هۆو هۆکاری جەنگ ببردایەو بەشیوەیەکی لی براوانە لەبەرامبەر جەنگدا هەلویستی وەر بگرتایەو خۆی لەکۆیلەتی جەنگ رزگار بکردایە. ئەگەر داپیرە دلاوەر پەروەندەی خۆیو جەنگی لەسەر شانۆ پیشنیار بکردایە، پیش هەموو شتێ بەمانای وازهینان بوو لەپەی بردنو هەلبژاردنی بینەر؛ وازهینان لەتوانایی‌یەك کە بریخت نابوویە بەردەم بینەر کە لەبەرامبەر رووداوە دلتەزینەکانی جەنگدا– هەلبژاردنی ئازادانەی بکات.

ڤۆلڤ دەلیت : ( دوای دەرهینانی " داپیرە دلاوەر " بینەرانی ئالمانی دەگەرینەوە مالەوە و بەیەکتر دەلین : راستە جەنگ کاری چارەنووسەو لەپیش دیاریکراوە ناتوانریت بەری پی بگیریت و دووبارە پەنا دەباتەوە بەر ملکەچیو ناچاریو خۆش باوەری بە چارەنووسی خۆی.)

بینەریك كە هوشیاری لەسەر بەدبەختی و نەهامەتی یەكانی لە نائومیدی بەولاوەتر نی یە؛ بینەریك كە چاوەریی دەستوورو فەرمانە؛ لەكاتیكدا كە وی بە هەلبژاردن و سەربەستی ئارەزوومەندی دەكەن؛ بینەری ئالمانی كەبریخت پاپەندە بە ریكخستنی گفتوگۆیەكی زۆر دژوارە لەگەڵ وی‌دا ئاوەهایە.

شانۆی بریختی لەپیكهاتەی گشتی‌دا لەشیوەو چوارچیوەی باوی شانۆی كلاسیك دادەبریت، بەهەمان شیوە كە لەدەرهاتن لەشیوەی شانۆی پروپاگەندەیی و دروشمدەرانە خۆی دوور دەگریت. شانۆی وی ئامرازیكە بۆ خەبات كە هەرگیز باوەری راستەقینەی خۆی بە دەرزی كوت و زۆری دروشم ناباتە میشكی بینەر. ئامرازی دەربرینی بەتەواوی و دلنیایی و هوشیارانە، ئامرازیكی هونەری‌یە، لەچوارچیوەی دونیایەكی هەست پیكراو شیاوی دەرك كردندا كە ماناو چەمكی هەیە. دونیایەك كە دەبیت بگۆردریت. ئەم گۆران و هەلگیرانەوەیە پیویست و ناچاری‌یە. دونیایەك كە تەنیا لەم ئالوگۆرەدا دەكریت هەست پیبكریت. بەلام چۆن چۆنی شتیك كە نایبینین، شتیك كە پیمانەوە نووساو و چەسپیندراوە، شتیك كەباشەو بەرژەوەندی وی هەروەك شتیكی سروشتی و، خیزانی یان شتیكی دانپیانراو لە چارە نووسراو پیمان دەناسریت، دەبیت بگۆرین ؟

" هەرگیز لەبەرامبەر رووداوی رۆژانەدا نەلین : مەلین سروشتی‌یە بۆئەوەی هیچ شتیك وەك جیگیرو نەگۆر نەدریتە قەلەم "، ئاوەهایە تیروانین و رینوینی "دەرهاویشتەو بنەرەتی ". ئاوایە كە لەشانۆی بریختدا، بەخۆ راگری و شیلگیری و، سووربوون و هەولو كۆششی بەردەوام لیوارە " ئاسایی و باوە "كانی رووپۆشی واقیعیەت هەلدەدرینەوەو لەبەرچاوی واق‌ورماوی مەو بەشداری و هەلبژاردنی سەربەستانەی مە دادەنرین. واژەی "فیرفریمدونگ"( Verfremdung) كە ئیمە لە فەرەنسە بەشیوەی جۆراوجۆر وەرمانگیراوە و بەردەوام بریخت لە بارەیەوە دەدویت، بەهیچ جۆرێ شیوەیەك لە دەرهینان و دیمەن رازانەوە لەبەرامبەر یاساو ریسای باوو

کۆنەی شانۆی ئالمانی نی‌یە، بەلکو شتیکە دەبیت لە داهینانی شانۆی بریختی‌دا بۆ رەگو ریشەی بگەرییت.

کۆمەلگەیەك کە تەنانەت لە بزووتن‌و شوین گۆرکیی خۆیشدا بریتی‌یە لە کۆمەلی ناکۆکی‌و، لەئەنجامی (دابرانی) بەردەوام لەگەلْ خۆیدا، هەروەك زنجیرەیەك لەئەزموونی ناسینراو پیمان کە لەدژی ئەزموونی خۆیشی مۆلەت‌و بواری بەشداریکردن دەدات. دەبیت جیی ئەم کایەیە لەدەرهینانندا لەبەرچاو بگیریت. بەو مانایەی کەدەبیت لەگەلْ نواندندا " دووری" بگیریت، ئەگەر خواستی‌مە لەبەرچاوگرتنی ئەم ناکۆکی‌یە بیت، وەئەم مەسەلەیە نەك تەنیا لە دەرهینانندا بەلکو دەبیت لە نووسینکەشدا لەبەرچاو بگیریت. ماوەی نیوان نووسەرو بەسەرهاتیك کەدەگیردریتەوە، دووری یان کایەی ( هەروەك برغوو سەمونەی دەزگەیەك کە بواری کایەیان هەیە) نیوان بەسەرهات‌و ئەکتەریك کە بەبزووتن‌و دوان گیرەرەوەی ئەو بەسەرهاتەیە، دووری نیوان دەرهینان‌و بینەریك کە وەریدەگریت. دواجار لەگشت ئەمانە گرنگتر، شیوازیك کەبینەر رووداوەکا –نی بەسەرهاتەکە لەنواندنی شانۆیی‌دا بەشیوەیەکی زیندوو و چالاك وەردەگریت، رووداوی بەسەرهاتیك کە پەیوەندی راستەو خۆی لەگەلْ بینەراندا هەیە، لەبەر ئەوەی کە قسە لەسەر پەیوەندی مرۆیی‌و پەیوەندی نیوان مرۆڤەکانە.

بریخت نەبۆ خۆشی‌و چیژی کەسی خۆی دەنووسیت، نە نەبۆ ئەوەی پەیامیك بەدونیا بگەیینیت، وە نە نیازی ئەوەی هەیە کە کۆمەلیك کە نزیکانی لە بەرهەمەکانی وی جۆرە "پەرتووکیکی پیرۆز " بدەنەدەرەوە. وی بۆ بینەریك دەنووسیت کە لەپەیوەندیکی توندو تۆلْدایە لەگەلْ وی‌و بابەتی، تاوەکو وی بکاتە پاپەندی هەلبژاردن‌و سەربەستی کە تەنیا مسۆگەرکەری ئەم ئالوگۆرو هەلگیرانەوە ئەگەری‌یەی دونیایە.

* فەلسەفەی سەردەمی کۆن کەبریتی‌یە لەگەرانەوە سەر سروشت و پشتگردنە بریارنامەی کۆمەلایەتی، بیرۆکە گشتی‌یەکان و بنچینە رەوشتی‌یە زالەکانی نیو کۆمەلگە.

**ئەم ووتارە لە : ژمارە ٦ی فصل تئاتر سالی دووەم. هاوینی ١٩٩٨ وەرگیراوە.

# خاتە سوور و حەمەتاڵ

**خارە حەمە ئەمن تێناگەم، ئەمریکایەکی زلو زەبەلاح چەقەلێکی وەك ئوسامە بن لادن ی کو بۆ ناگیری؟**

**حەمەتاڵ** :

لەپالەوانی یەك شەوە، سەرم سوورماوە
چۆن شالیارگەی ئەمریکای وا بۆ تەقاوە
خودای گەورەو بێ هاوتا چۆنی نەبینی
گەر سیئایئەی نەخشەی بۆ نەکیشاوە ؟!

*　　*　　*

سی ئای ئەی پیشکە دەکاتە قارەمان
بۆ برسیکردنی زەحمەتکیشانی ئەفگان
گەر کولە نۆکەرو کریگیراو خۆی نی‌یە
کو کۆمەکی دەکاتن قیبلەی موسولمانان؟

*　　*　　*

کوان ئاغایان رامبۆو نۆرس‌و و ڤاندام
لەشکر بەزینو شلەقینەرانی ڤیتنام
تا سەر لە لاشەی ئوسامە جویکەنەوە
بیکەنە میداڵ، دالە کەرخۆرەی رام

**پلەخاتوون بیستوومە مەلا بەشیر بۆتەگوندەی شاری، فتوای کوشتنی ژنان دەردەکات؟**

**خاتەسوور** :

قەزات لە مالم هەی مەلا بەشیر
بۆچ نەرە نەرتە هەروەکو خەنزیر
بەرۆژا خەریك نەخشەکیشانی
شەوان تیرۆر بەتەورو حەوت تیر

*　　　*

مەوعیزەکانت ناویان بەتاله
خەلك فریودان تاسەر مەحاله
سەرمان مەئیشینە بەسە وازبینە
بی هەنگوینیت وەك زەردە واله

**خارە حەمە، دەرین حشع بەتەمایە ناوی خۆی بگۆری حەمەتاڵ :**

نیشتمانی ئازاد، گەلی بەختیار
حزبی تەقەدۆمی تاقە شۆرەسوار
هەر وەفادار بوو بە بەرەی وەتەنی
تاکو راویان نا وەك پیرە کەمتیار

*　*　*　*　*

ئالا هەلگری برایی و پیکەوە ژیان
بۆ دیموکراسی و ئاشتی جیهان
پەنجا و هەشت هەردەم خەریکە
کە بەرەبێ چی دایە لەکارگەران

*　*　*　*　*

گورایەڵ بووە هەردەم بێ چەن و چوون
لە بۆ برایەتی کۆچی قوربانی بوون
وازیان لیبینە زامیان مەکولینە
حزبی بیوەی کەم کارو فرە دوون

*　*　*　*　*

پارتی پیشرەوی بەرەی نیشتمانی

دەستە خوشکی کۆماری ئیسلامی
بواریان بدرێ ئاشتی و یاسا پاریزن
گەر راونران ئەوا کیوو پارتیزانی

**پلە خاتوون بیستووومە ئاڵای سەوزی یەکیتی نیشانەی ژینگە پاریزییە، بۆیە هەردەم خەبات دەکات دژی زەردبوونی کۆمەڵگە !**

**خاتە سوور** :

سەوزەلێ .. سەوزەلێ
سەوزەلێ و خانم
گەرتۆ ژینگە پاریز بێ
وەی لە حالی باخانم
لە تاو شەرەکانی تۆ، سەوزەلێ
رووتەلەیە گەرمیان و کویستانم
سەوزەلێ .. سەوزەلێ
سەوزەلێ و خانم
بە فیشەکە ویلەی ئەنگۆ
نەما کیشکەو بالەفرە
لە قرناقا و پشت ئاشانم
هەمیشە سەوزم سەوزەلێ
گەر تۆ نەبی
بووکی رازاوەی جیهانم

**لالۆ حەمە دەلین لە ٣١ی ئابەوە لەهەولیر نەوت و بەنزین بەنرخی بەغدا دەفرۆشریت!**

**حەمەتاڵ**:

کراس زەردێ کراس زەردێ

بۆ خنکینەرانی هەلبجە
پیشوازی دەکا
هەر لەهەولیر تا پردێ
کراس زەردێ زۆر بێ حارە
سەرمان دەبرێ
بەگویزان و کولە کیردێ
کراس زەردێ فرە دل تەرە
کل لەچاوە فیری راوە
بیشەرمە حەیا بەرە
بۆ چەسپانی فرە حزبی
تاك رەوە کورد پەروەرە
کراس زەردێ دلی رەنجاوە
ئەوجار بۆ لای ئیمامان
دەستی باداوە
فیدرالیستە، میوان دۆستە
وادیارە سەرۆکی قوماندار
تەفرەی داوە

**هاورێ خاتوون بیستوومە مامە لەسالرۆژی جاری گەردووندا سویندی خواردووە مافی مرۆڤی بپاریزی !**

**خاتەسوور** :

گیانە وەختیەتی گیانە وەختیەتی
هەرەشەو تیرۆر دەرمانی دەردیەتی
ئەوەی راپەرێ لە دژی برسێیەتی

کونه دیموکراسی تامردن جییەتی
وریابن نەکەن هەلچن دژی سەرمایە
دەتان گەوزینم بەوەی لەدەستمایە
هیندە ماف پەروەرم کە ئیوە کربن
زارتان دەبرم بەو هینەی لەگیرفانمایە
سویندم خواردووە بەکوردو کوردستان
تۆوە بریان کەم چەپو کۆمۆنیستان
گەر واز لەشۆرش و راپەرین نەیینن
قەلمان بەرناکەوێ مە پیاوماقولاّن
هەزار سالی‌تر هەروا ئەیلیمەوە
من ماسۆنیمو لیرە ئەیبوژینمەوە
چاوەریم بن تاکوو پاش کۆنگرە
جانتایێ فیدرالیتان بۆ دینمەوە

## کۆمەکی هاوریان

ئالمان : عەبدوللاّ موحەمەد (٢٠) مارك
بریتانیا : جاسم هەورامی (٥) پۆند لەگەلّ کۆمەلیك بلاّوکراوە.

## پەیرەوەکانی ژیلەمۆ

- دەستەی نووسەران ئازادە لە ریکخستنی بابەتەکان لەرووی شیوەو رینووسی نووسینو کورتکردنەوەیان بەبی دەستوەردانە ناوەروکی بابەتەکە .
- بابەتەکان دەربری بیروڕای خاوەنەکانیانن، بیجگە لەو بابەتانەی کە بەناوی ژیلەمو وە بلاّو دەکرینەوە.
- ئەو بابەتانەی کە بەیانی ویستو بەرژەوەندی جینە سەروەرەکانن، بلاّو ناکرینەوە.
- هیچ بابەتیك بو خاوەنەکەی ناگیردریتەوە، چ بەبلاّوکردنەوەی یان بلاّو نەکردنەوەی.
- دەرگای زیلەمو ئاوەلاّیە بەرووی هەر رەخنەیەکی شورشگیرانەو ئازاد ئەندیشدا.

# خشتەك

تيبينى: لەپركردنەوەى ئەم خشتەكەدا هەموو بنەمايەكى ريزمانى كوردى لەبەرچاو گيراوون، بەپيى رينووسى هەلبژيردراوى ئەم گوڤارە تەنيا نيشانەى " ى پيتەكانى ((ر،و،ى)) نەبيت، كە بەشيوەى((ر،و،ى)) نووسراون.

## ئاسۆيى

١- بەكۆمەڵ ئاوارە بوون دەشتيكى پان و هەراوە لەنيوان ديجلە و فورات.

٢- ( هالاو ) ى سەرليشيواو- بەبێ هۆ.


٣- شاعيريكى فەرەنسى رەش ( پ ).

٤- ئامرازى پرسين ( پ ) خەم، كەسەر پيچەوانەى خالى لوو، گريى گۆشت.

٥- كات، دەم.

٦- زبر بەرەى ساكار.

٨- بردراو بە تيخ نووسەرى رياليستى بريتانى كە لەنيوان سالانى ١٨١٢- ١٨٧٠ دا ژياوە.



خشتەكى ژمارە (٥)

٩- كيو يارىيەكى منالانە.

١٠- نووسەريكى بريتانى سەر بە ريبازى رياليزمى رەخنەگرانە( پ ).

١١- ( تايوان ) ى كلك براو تێ ديوى.

١٢- كەنيشكەكە + پيتيك ئامرازى نيشاندن ( پ ).

١٤- باوكى شيعرى نويى فارسى .

١٥- ناوى گيايەك ( پ ).

## ستوونی

١- قوتابخانەیەکی هونەری شێوەکاری - بەستەلەك.

٢- شۆڤار (پ) ناوێك.

٣- ناوی وڵاتێکی ئەفریکی گوند (پ) -ناوێك.

٤- بویر (پ) ڕاخورین و پرسین لەکەسێکی نەناس.

٥- کەسی لەرێکردنا پێی پێکەوە بنووسێت لاوخاس بە (پ).

٦- ئاپارتمان پرتە، قسەی ژێر لێوان.

٧- (چوار) ی بێ ڕێ ١- شەپلە لێدراو.

٨- بۆتەکێ.

٩- غار پێدان.

١٠- پەناو پەسیو (پ) پەیامی مەسیح (پ).

١١- ووشەی وەڵامدانەوە لەبری بەلێ (پ) جۆرە ڕایەخێك نەخۆشییەکە کە لەقامك دێ و زۆر بە ئازارە.

١٢- نەریت (پ) داشداری (پ).

١٣- تازەلاو نەترسان (پ).

١٤- لەجێگەیەکی دوورەوە (پ) (نان) سەرلێشێواو هەرامە.

١٥- نازك هەمیز (پ).

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ | ی | ن | و | ش | ی | | ی | | ه | ی | ت | ل | ه | ر |
| ٢ | ر | ه | ز | ا | ن | ه | | ن | | ن | ی | و | ه | ر | و |
| ٣ | | ك | | ر | | م | | ه | | ك | | | | ی | ژ |
| ٤ | | | | | | | | و | | | | ی | | س | گ |
| ٥ | م | ه | ه | م | ه | د | ب | ه | گ | د | ا | ش | | ه | |
| ٦ | | | | | ه | | | م | | | ب | | م | ه | |
| ٧ | | ژ | ه | ه | ر | | | ه | | | ر | | | | |
| ٨ | | ا | و | ی | ه | | م | ه | | ك | ا | پ | ا | ن | ی |
| ٩ | | | | | س | | | | | | | ا | و | ا | ن |
| ١٠ | خ | ه | س | ر | ه | و | ی | گ | و | ل | س | و | ر | خ | ی |
| ١١ | و | ر | | م | ی | ر | و | ا | | ه | | ه | ه | و | ه |
| ١٢ | ا | | چ | | ن | | گ | ر | ا | و | | م | ه | ی | م |
| ١٣ | | ك | | ا | ا | | | ی | | ی | | ا | | ن | و |
| ١٤ | | ر | م | | ن | | | ت | | ن | ا | ن | | ه | خ |
| ١٥ | | | | | | ژ | ی | ه | | | | گ | | | |

**پڕکراوەی خشتەکی ژمارە (٤)**

**خەڵاتی براوەی ئەم خشتەکە، چوار ژمارەی گۆڤارەکەیە. تکایە لەتەك پڕکراوەی خشتەکەکەدا ناونیشانی تەواوی خۆتان لەنامەیەکدا بەئادرەسی ژیلەمۆ بەرێ بکەن.**

**هەروەها بۆ ئەو بەرێزانەی کە بەشداری ئەم گۆشەیە دەکەن، تکایە لەتەك ئامادەکراوی خشتەکەکەدا بە پڕکراوەیەکی بێ هەڵەی بەرێ بکەن. ژیلەمۆ**